
2 《 بروسکەی شۆڕشی ژینا



5 《 شۆڕشی ژینا، هەوێنی هەموو شۆڕشەکان!




7 《 کوردستان: مەکۆی لە دایکبوونی گوتاری «ژن، ژیان، ئازادی»



# دواڕۆژ

دوو هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
دەریدەکات
ژمارە (١٣٥) ساڵی دەیەم
٢٠٢٥/٠٩/١٥ - ٢٤ی خەرمانانی ١٤٠٤
WWW.DWAROJ.NET

# شۆڕشی ژینا

# شۆڕشێک بۆ هەموو وەرزەکان..



لەسەروبەندی ٢٥ی خەرماناندداین. لە وەها ڕۆژانەکدا ڕێز لە ساڵرۆژی شۆڕشێک دەگرین کە لە کوردستانەوە دەست پێدەکات و بە خێراییەکی سەرسوورهێنەر ئێران و جیهانی دەگرێتە خۆ. شۆڕشی ژینا شۆڕشێکی کوردستانی بوو کە قووڵتر، بەرینتر و هەمەلایەنەتر لە جاران خەباتی نەتەوەی کورد و خۆڕاگرییەکانی کوردستانی کە لە ٤٦ ساڵ دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیی ئێراندا بەتەنها بەرانبەر دەسەڵاتی ئیسلامیی ئێران ڕاوەستابوو، بردە ئاستی خەباتێکی جەماوەریی بەرین کە زۆر زوو ناوی شیاوی شۆڕشی لێنرا.بە شۆڕشی ژینا و دورشمی ژن، ژیان، ئازادی، کوردستان دیسان قورسایی و گرینگیی خۆی وەکوو ناوەندی شۆڕش، سەنگەری خۆڕاگری و خەبات دژی ڕژیمی داگیرکەری ئێران و هەڵگری مرۆڤانەترین پەیڤەکان، سەلماند. ئەم ئاخێزە کەموێنەیە سەرەنج و پشتیوانی بەرینی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و بوو بە هەوێنی خەباتی خەڵکانی دیکە کە دەرسی خۆڕاگری و شۆڕشگێڕییان لە نەتەوەیەکی سەربەرز وەرگرت کە خاوەنی ویستی مافخوازانە و پەیامی ڕوونی خۆیەتی. شۆڕشی ژینا کوتوپڕ و بێمێژینە نەبوو، ئەم شۆڕشە ڕەگەکانی لە خەباتی بێپسانەوە و ٤٦ ساڵ خۆڕاگری و تێکۆشانی نەتەوەی کورد بەرانبەر ڕژێمی ئیسلامیی ئێراندا بوو. کاتێک پاش ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی، ئێران بە خێرایی بەرەو ئیسلامیی بوون و دەسەڵاتی ئیسلامیی دەچوو، کوردستان سکۆلاریسم و ئازادیخوازی کردە ئاسۆی خۆی. کاتێک سەرکوتی ژنان و ئەستاندنەوەی

...بۆ ل ٣

## شۆڕشی ژینا و چەند پرسیارێک

٤




سەروتار

## شۆڕشی ژینا و ئەرکەکانی بەردەممان!

عەزیز ئاجیکەند

ئەم ڕۆژانە بەرەو پیری یادێکەوە دەچین کە تێدا شۆڕشێک ڕوویداکە موژدەدەری ئاڵوگۆڕی قووڵی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسی بوو بە پانتایی هەموو کوردستان و تەنانەت هەموو ئێرانیش. شۆڕشێک کەدەستپێکی شۆڕشی شۆڕشگێڕانەی جەماوەرێکی وەگیان هاتوو بوو بە دروشمی ژیرانەی « ژن، ژیان، ئازادی ».

کوشتنی ژینا کردەوەیەکی قێزەونانەبوو کە بوو بەهۆی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینێکی بەهێزی کۆمەڵایەتی .ڕاپەرینێک کە لە کەمترین ماوەدا ڕژیمی تا سەرلێواری ڕووخان برد. لەم شۆرشە مەزنەدا،جەماوەری وەگیانهاتوو بەتایبەت لاوانی بوێر و فیداکار، سەرتاپێی ئەم دەسەڵاتەیان بردە ژێر پرسیارەوە. شۆڕشی« ژینا» کەجەرەقەکەی لەکوردستانەوە لێدراو لە نێو دلی جەماوەری کوردستاندا شکڵی گرت بەکردەوە کەشی سیاسی کوردستان و ئێرانی گۆڕی و خەڵکی نارازی لە دەسەڵاتی هێنایە سەرشەقام. چیرۆکی مەرگی دڵتەزێنی ژینا و دڕندەیی و توندوتیژیی دەسەڵاتی ئیسلامیی ئێران و ڕاپەرینی کۆمەڵانی نارازی لە ئێران و کوردستان و دروشمی ژیرانەی خەڵک بەناوی « ژن، ژیان، ئازادی » بەخێرایی گەیشتە لوتکەی هەواڵەکانی جیهان.

شۆڕشی « ژن، ژیان، ئازادی » لەسەرەتادا وەک شۆڕشی ژنان دەسپێدەکات بەڵام بە تێپەڕبوونی کات دەگۆردرێ بۆشۆڕشێکی کۆمەڵایەتی گشت گیر.لەم شۆرشەدا ژنان بە پاڵپشتی پیاوانی ئازادیخواز لە کوردستان و لەسەرمەزاری ژینا جەرەقەی شۆڕشێک لێدەدەن کە خوازیاری گۆرانی بنەرەتی لەناو کۆمەڵگاو روخانی دەسەڵاتێکن کە ژیانی بۆ ئەوان کردۆتە دۆزەخێکی گەورە. خەڵکی کوردستان لەم شۆرشەدا بە کردەوە چوونە قۆناغێکی نوێ لە خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامیی بۆ بەدیهێنانی داواکارییەکانیان .لەم شۆرشەدا ژنان پێشەنگ بوون. ئازادی و یەکسانی بوو بە داخوازی سەرەکی بزووتنەوەکە. دروشمی « ژن، ژیان، ئازادی »، لە شەقامەکانی کوردستانەوە توانایەکی وەها شۆڕشگێڕانە وجولێنەری وەدەست خست کەبوو بە وێردی سەر زاری هەموو ژنان و پیاوانی ئازادیخوازلە جیهاندا و بە کردەوە یەکڕیزی وهاوسۆزێکی مەزن و گەورەی بەدوای خۆیدا ڕاکێش کرد.

# برۆسکەی شۆڕشی ژینا





ژیلا ئەحمەدی

درۆشمی شۆڕشی ژینا «ژن، ژیان، ئازادی» ئاڵا هەڵگری ئەم بزووتنەوە وەکوو ئەستێرە درەوشایەوە، شۆڕشی ژینا شۆڕشێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو لەوبوارەدا کە ژنان بۆ ماوەی چواردەیە لە سیاسەت وکومەڵگا دوورخرانەوە وبە توندترین شێواز لەگەڵیان هەڵسووکەوت کرا بوو، حیجابی زۆرەملێ یەکێ لەو دەستوور و یاسا نائینسانیە بوو کە وەکوو ڕەوتێک لەکۆماری ئیسلامی بە شێوە زەبر و زۆر بەسەر ژنان داسەپا بوو، هەرجۆر سەرپێچی لەم یاسا لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی کۆماری ئیسلامی بە توندترین شێوە سزا ئەدرا. لەکۆمەڵگایێک کە ژن تەنانەت مافی جلّ پۆشینی خۆی نەبوو چە بگاتە سیاسەت و چتانی تر، لەشۆڕشی ژینا کە ژنان ڕۆلی یەکەم یان بوو ڕێبەری ئەم شۆڕشە بەدەستیان بوو نیشانی دا تا ژنانی کومەڵگا ئازاد نەبن ئەو کۆمەڵگا ناتوانێ ئازادی ڕاستەقینە بەدەست بێنێت .

شۆڕشی ژن ژیان ئازادی یەکێ لەو شۆڕشە بێ وێنانە بوو کە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا رووی دا، کە لە هەموو جیهاندا دەنگی دایەوە. کاتێ کە لە ٢٥ی خەرمانانی سالی ١٤٠١ هەتاوی ژینا (مەهسا ئەمینی) دوای دوو ڕۆژ کە بەدەست هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە هۆی چەند تالّی قژ لێیدرا و کەوتە کۆما و گیانی بەخت کرد، لە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان لە بەرانبەر خستەخانەی کەسرای تاران خۆپێشاندان دەستی پێی کرد و بووە پرێسکەی شۆڕشێک کە بەتەواوی پارێزگاکانی ئێران لەبەر گرت. خەڵک نەیانتوانی ئەو کارە قیزەونە کۆماری ئیسلامی قەبووڵ بکەن، بۆیە شۆڕشی ژینا سەری هەڵدا و دەسپێکی ئەم شۆڕشە لە کوردستان بوو و دواتر کێشرایە شارەکانی دیکەی ئێران و هەموو گەلانی دیکەی ئێرانی گرتە بەر و نزیکەی ٤ مانگی تێپەڕاند و رژیم هەموو هێز و ئیمکاناتی خۆی بەکار هێنا کە ئەم شۆڕشە بوەستێنێت. خەڵکی زۆرێ کوشت و دەستبەسەر و ئیعدام کرد، بەلّام شۆڕشی ژینا زۆر بەهێز بوو وەکوو ئۆقیانووسێک بەرین بوو هەرچەند کۆماری ئیسلامی ئەم زەریایە کردیە زەریای خوێن.

لە پێکدادانی توندوتیژانە هێزە سەرکوتکراوەکانی کۆماری ئیسلّامی لەگەڵ خۆپێشاندەران سەدان کەس کوژران، هەزاران کەس دەستبەسەرکران. بەپێی سەرژمێریەکان سازمانی مافی مرۆڤ لە ئێران تا ٢٦ی سەرماوەز١٤٠١ نزیکەی ٤٩٦کەس کوژران کە ٦٨ کەسیان منداڵ بوون. ئەم شۆڕشە کە ئەوەڵ جار لە کوردستان دەستی پێی کرد دواتر کێشرا وە شارەکانی دیکە، لە شارە کوردەکان و بلووچەکانی زۆر خۆفناک بوو و ڕێژەی کوشتن و دەستبەسەرکردن لەم شوێنانە زۆرتربووە. لە کوردستان نزیکەی ٨٠٠٠ کەس دەستبەسەرکراون و لە تەواوی ئێران نزیکەی ١٩٧٠٠ کەس دەستبەسەر کراون. لەسیستان و بلووچستان لەڕۆژی هەینی زاهیدان نزیک ٩٠کەس کوژران. زۆرترین شێوازی کۆشتن تەقەی ڕاستەوخۆبوو. لەم کاتەدا کۆماری ئیسلّامی بۆ کۆژاندنەوەی شۆڕشەکە ئینترنتی داخست کەسانی ناسراوی هۆنەری، وەرزشوان، خوێندکاران و.... دەستبەسەرکرد.

خامنەای و ئیبراهیم رئیسی لە کاتی خۆپێشاندان ڕۆلی یەکەمیان بوو لە کوشتن و دەستبەسەرکردنی خەڵک، فەرمانی خامنەای و ئیبراهیم ڕئیسی لە هەموو ئۆرگانە نیزامیەکانی کۆماری ئیسلّامی جێ بەجێ کرا وەکوو سپا، ئەرتش و هێزە ئەمنیەکان وەکوو پولیسی ئاگاهی، پولیسی پیشگیری، ئەمنیەت گشتی، هێزی فەتا، ناجا و .هەروەها لە بەسیج، لیباس شەخسیەکان و گرووپیک بەناوی هیزەکانی خودجوشی سەرزەمینی ئیسلامی کەڵکی وەرگرت و بە دروس کردنی ئەنواع سناریوکان، ئیعترافات تلویزیونی، پەروەندە سازی، خۆکوژی. ئەوەی کۆماری ئیسلّامی لە شۆڕشی ژینا بەرامبەر خەڵکی کرد جەنایەت و کۆشتنی گشتی بوو. حکومەت بە ئەنواعی ئەدواتی جەنگی وەکوو تانک، دووشکا، هیلکۆپتەر هێرشی کردە سەر ناوچەکانی کوردستان، ئازەربایجان غەربی، کرماشان و ئیلّام. حەتا سپا بەمە ڕازی نەبوو بۆ تۆڵە سەندنەوەی خۆی و بە هۆمیدی ئەوەی ئاگری شۆڕشی ژینا بکۆژێتەوە لە ٢٨ ی سپتامپری ٢٠٢٢ (٧ی خەزەڵوەری١٤٠١هەتاوی) یانێ دوای ١٣ڕۆژ لە تێپەڕاندنی شۆڕشی ژینا بە بنکە و بارگاکانی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەلّات لەباشوور هێرشی کرد. هێرشی مووشکی کۆماری ئیسلّامی بۆ زرگوێز، کوی سەنجەق و ئاڵتون توپری لە کوردستانی باشوور بووە هۆکاری گیانبەخت کردنی ١٣کەس و بریندار بوونی ٥٨کەس، بەلّام بە هەمووی ئەمانە شۆڕشی ژینا نەوەستا هەتاکوو چوار مانگ درێژەی هەبوو. بەلّام شۆڕشی ژینا سەربەرزانە لەسەرپێی ماوە ودەسکەوتی زۆری هەبوو. ئەگەر بین لێکدانەوەی شۆڕشی ژینا بکەین بابەتێ کە زۆر ڕوونە ئەوەیە کە سەرکووبی یاسای ژنان لە ئێران جیا لە کێشەی میلی و نەتەوەکان، جیا لە مەسئەلەی باوەڕ و بۆچوونەکان کێشەێکی گشتیە کە لە کوردستان کێشراوە سەدشاری دیکەی ئێران ،ئازارێکی هاوبەش کە کورد ،فارس وتورک و هەموو میلیەتەکان دەگرتەوە هەموو کەمینەکان لە مەسێحی وموسلمان بیگرە تاکوو ئاتێستەکان ،بۆیە ئەم ئازار و دەردی هاوبەش هەموویانی لەسەریەک بابەت کۆکردەوە کە یەک ریز و یەک دەنگ بچنە پێشەوە، کۆماری ئیسلّامی ئێران ساڵانێکە کە بە هەموو شێوازێک لە مەکتەب و زانکۆکان ، لەسۆشیاڵ میدیاکانی هەولی داوە کە لەجەستەی ژن تابۆی درووس بکات کە ببێتە بنچینەی شەرم ووەکوو تاوانبارێ بیناسێت وهەوڵ بدات کە ژنان هەموو کاتێ لە ژێرچاودێری بن، حەتا لەبواری جل پۆشین چۆنکە بەبروای کۆماری ئیسلّامی ژنان کوێلەن و چکۆلەترین مافیان نیەلەسەرجەستەی خۆیان.

لە شۆڕشی ژینا ئێمە شایەتی یەک قەڵشتی قوول و ناکۆکی لەکۆمەڵگای ئێران بووین. دەوڵەتێ کۆن بە ئیدولوژی دواکەوتووو خەڵکێکی نوێگرا و ڕۆشنبیر بە بیروبۆچوونی دیموکراتیک کە لە قۆناخێک لەگەڵ یەک ناکۆک ئەبن. خەڵکی ئێران کە ڕۆژبەڕۆژ زۆرتر وشیارتر ئەبن ورژیمی ئێرانیش هەر ڕۆژ دواکەوتووتر ئەبێ و بە زۆرەملی دەیهەوێ قسەی خۆی بباتە پێش. پێش شۆڕشی ژینا بینیمان لە خەباتەکانی ساڵی ٨٨، بەفرانبار٩٦وخەزەڵوەری ٩٨کە ناکۆکی نێوان خەڵکی دیموکراسی خوازوئازادی خواز لەگەڵ دەولەتی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی بووە هۆکاری خۆپێشاندان وهەزاران کەس کوژران ودەستبەسەر بوون، بەلّام خالّی گرینگ لەشۆڕشی ژینا ئەوەبوو کە ناکۆکی گەیشتە لوتکە هەموو گرووپ وتوێژە جۆراجۆرەکان لەگەڵ یەک کۆبوونەوە وهەڕوەها وشیاربوونەوەی ژنان سەبارەت بەمافەکانیان زەقتر بوو، بەتایبەت دوای کووشتنی ژینا ئەمینی بەهۆی چەن تالّی قژ هەموو خەڵکی زامدارکرد وبووە هۆکاری ئەوەی کەتەواوی کەسەکان لەژن وپیاو ،لە پیر و لە لاو لەهەموو نەتەوەکان لەهەموو توێژەکانی لەگەڵ یەک هاوبیربن و یەک دەنگ بێنە مەیدان ودەستیان دا بە خۆپێشاندان .هەرچەند کۆماری ئیسلامی دوای چوارمانگ بەدژواری توانی ئەم شۆڕشە ڕاوەستێنێت، بەلّام ئێرانی پێش شۆڕشی ژینا و دوای شۆڕشی ژینا زۆر جیاواز بوو، و قەلەشتێک درووس کرا وکۆمەڵگا گۆڕدرا وهیچ کات نەگەڕایەوە بۆ کاتی پێش شۆڕشی ژینا، یانێ بەتەواوەتی شۆڕشی ژینا زەربە و لێدانی کاریگەری خۆی دا لە کۆماری ئیسلّامی و توانی کۆماری ئیسلّامی برینداربکات. کە لە شۆڕشەکانی پێشوو ئەو چتە رووی نەدا و دوای ماوەێک هەموو چت دەچووە حالّەتی خۆیی ، بەلّام شۆڕشی ژینا زۆر بەهێزوبەقوەت بوو، دوای شۆڕشی ژینا کۆمەڵگا یەکسەر گۆڕدرا خەلک ترسی شکا و زۆربەی یاسا دژ بە ژنەکان وەکوو حیجاب زۆرملی پشت گوێ خرا و شکێندرا .

ئێستەش کە سێ ساڵە لە شۆڕشی ژینا تێپەری، بەردەوام شۆڕش درێژەی هەیە ،ژنان ڕێکخستن تر و بە شێوازی هاودەنگ تر و بەهێزتر دەچنە پێشەوە هەرچەند کە کۆماری ئیسلّامی ئێران دڕەندەتر توندوتێژی دەکاتە سەر ژنان و بە هەموو ئیمکاناتی زۆرتر لە جاران گۆشاری خستووە سەرژنان، ڕێژەی دەستبەسەرکردن و ئیعدام پەرەی سەندووە، بەپێی سەرژمێریەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران لە ماوەی مانگی ئاگۆستی ٢٠٢٥دا لانی کەم چالاکی ژن دەستبەسەر کراون و ٥ چالاکی ژنیش لە لایەن دەزگای دادوەریی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە سزای بەندکرانیان بەسەردا سەپێندراوە. کۆماری ئیسلّامی ئێران لەحالّەتێ دا تووشی قەیرانی ئابووریە و هەروەها جەنگ لەگەڵ ئیسرائیل و نارەزایەتی بەرین خەڵکە بەلّام هەر لە سەر زێدەڕۆی خویە، شەریفە محەمەدی ،پەخشان عەزیزی و وریشە مورادی ٣چالّاکی مەدەنی وسیاسی لە ئێران کە حۆکمیان ئیعدام پێ دراوە و هەرکات ئیحتمالی هەیە ئیعدام بکرێن . هەر لەساڵی ٢٠٢٤ نزیکەی ٣١ ژن لە سێدارە دران و ئەمە مانای ئەوەیە کە کۆماری ئیسلّامی بەرامبەر ژنان سەرکووبەکان زۆرتر کردووە ومافی ژنان پێشیل کراوە.

زۆربەی ئەو ژنانە کە حۆکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپاوە لەنەتەوەکانی کورد و بلوچن کە ئەمەش نیشاندەرەوەی ئەوەیە کە جیا لە کێشەی لابردنی ژنان کێشەی لابردنی نەتەوەکانیشە و بەشێ تر لەم حۆکمە چالاکانی سیاسی چەپە کە کۆماری ئیسلّامی ئێران هەرلەسەرەتای هاتنە سەرکاری دژایەتی ئاشکرای خۆی لەگەڵ چەپەکان نیشان دا. دوای شۆڕشی ژینا کۆماری ئێسلّامی ئێران زۆر بەتوندی لەگەڵ ژنانی چالاک کە دەیانهەوێت چالّاکی سیاسی بکەن وتایبەت بەنەتەوەکانی جیا جیایش بن ،دژایەتی توندی کردووە. هەموو کاتێ کۆماری ئیسلّامی ئێران هەولّی داوە ژن لە سیاسەت جیا بکاتە لە کۆمەڵگا دووری بخاتەوە لە هەموو ئەوشوێنانە کە ژن توانایی بێت دووری بخاتەوە وەکوو کوێلە چاوی لێ بکات بەلّام دوای شۆڕشی ژینا حزووری بەگشتی ژنان لەهەموو بوارەکان فرەتر بوو وزۆرتر ڕولّیان هەبوو بۆیە کۆماری ئیسلّامی دەترسێت لە شۆڕشێکی تر وەکوو شۆڕشی ژینا.




# شۆڕشی ژینا شۆڕشێک بۆ ..

## ...پاشماو

مافەکانیان بوو بە بەردی بناغەی ڕژیمی ئێران لە کوردستان جیلێک لە ژنانی خەباتکار لە ڕیزی پێشەوەی خۆڕاگری و شۆڕشدا بوون و هاوشان لەگەڵ شۆڕشگێڕانی دیکە لە هەموو مەیدانەکانی خەباتدا چالاکانە هەڵدەسووڕان و بەرانبەر بە دواکەوتووی و کۆنەپەرەستی سەربەرزانە ڕاوەستابوون. ژنانی کوردستان لە خەباتی مەدەنیی شەش مانگی یەکەمی پاش ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتیدا و لە چەک هەڵگرتن و خەباتی پێشمەرگانە بەرانبەر بە هێرشی داگیرکەرانەی کۆماری ئیسلامیی بۆ سەر کوردستان و لە خەباتی سیاسی و یەکسانیخوازانەدا دەورێکی مەزن و مێژوویيان گێڕا.

لە کاتێکدا کە ئێران ملی بە یاسای دواکەوتووانە و نامرۆڤانە دابوو و ڕژێمی ئیسلامیی هەموو خەباتی مەدەنی و سیاسیی بەلاڕێدابردبوو یان سەرکوتی کردبوو وە خەڵکی بۆ سووچی ماڵەکان پاشەکشە پێکردبوو، خەباتی جەماوەری لە کوردستان بە ڕێبەرایەتییەکی نوێ و شێوازی نوێی خەبات و خۆڕاگری بەرانبەر بە داگیرکەر، بەرەو ترۆپکی سەربەرزی و داهێنان دەچوو. کوردستان بوو کە سزای ئیسلامیی لە سەر شەقامەکان ئیدانە کرد و گەلی کورد بوو کە بەرانبەر بە یاسای دژە مرۆڤانەی تۆڵە ڕاوەستا، کوردستان هەموو ئەمساڵانە لە ڕیزی پێشەوەی نەتەوەکانی ناو ئێران بووە، بۆ خەبات بۆ مافی چارەی خۆ نووسین و، هەمیشە پێشڕەوی هەوڵ بۆ سەروەریی نەتەوەیی بووە. ئێستاش کوردستانە کە بە کردەوە ڕابەری بزووتنەوەی مافخوازیی نەتەوەیی ئەمڕۆ و سبەینێی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە.

شۆڕشی ژینا بە پشت بەستن بە خەباتی خەڵکی کوردستان، بوو بە شۆڕشێکی جیهانی، خەباتێک کە چەندین جار بە مانگرتنی سەرانسەری، بزووتنەوەی ژینگە لە ئاستێکی بەرزدا، ناڕەزایی بەرانبەر بە سەرکوتی ژنان و تیرۆر و ئەشکەنجە و زیندان، گەشە و باڵاکردنی خۆی سەلماندووە. دروشمی ژن، ژیان، ئازادی کە لە کوردستانەوە نێردرا بۆ ئێران و جیهان، تەنها دروشمێک نییە بەڵکوو ستراتێژی و ڕێنوێن و نیشاندەری ئاسۆی دواڕۆژە. کوردستان بەم دروشمە بەری بە هەموو ئەو سیاسەتە کۆنەپەرەستانانە گرت کە دەیانویست خۆیان بکەنە خاوەنی خەباتی خەڵک. ژن، ژیان، ئازادی دروشمێکە کە ژیانی بەرانبەر بە مەرگ هەڵبژارد و لە سەر یەکسانیی تەواو و ئازادیی بێمەرج دامەزراوە.

شۆڕشی ژینا بە روونی دەریخست کە کوردستان پێگەی قایم و کۆڵەکەی بەهێزی خەبات دژی ڕژێمی ئێرانە. کۆماری ئیسلامیی لە ٤٦ ساڵی ڕابردوودا هەموو هێزی خۆی بۆ تەریک خستنەوەی کوردستان و خەباتەکەی بەکارهێنا و هەوڵی دا ڕاستییەکانی شۆڕشی کوردستان داشارێ یان چەواشەیان بکا بەڵام ئەم شۆڕشە ڕاستییەکان و ناوەرۆکی مرۆڤانی و مافخوازانە و شۆڕشگێڕانەی بزووتنەوەی کوردستانی بۆ هەمووان دەرخست و نەک هەر بوو بە هۆی ڕاکێشانی پشتیوانی بۆ ئەو خەباتە بەڵکوو کوردستانی کردە سەمبول و سەرمەشقی خەباتکاری و، پیلانە نگریسەکانی فاشیستەکان و کۆنەپەرەستەکانی شکست پێهێنا.

ئەمڕۆ لە ساڵڕۆژی ژینا دا هەموو چاویان بڕیوەتە کوردستان. هەموو چاوەڕێن چەخماخەی ساڵڕۆژی ئەم شۆڕشە لە کوردستان لێبدرێ. جووڵە و وەخۆکەوتنی هێزە سەرکوتکارەکانی کۆماری ئیسلامیی و خۆ تەیارکردنی چەندین مانگەیان لە کوردستان بۆ پەکخستنی هەڵگیرسانەوەی ئاگری شۆڕش، دەریدەخا کوردستان و گەلی کورد چ پێگەیەکیان لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامیدا هەیە و ئەمە ترسی مەرگی خستووتە گیانی دەسەڵاتدارانی ئێران.

بەڵام خەڵکی کوردستان لە بەرانبەر ئەم پەلەقاژەیەی هێزە سەرکوتکارەکاندا خاوەن ئیرادەیەکی بەهێزن بۆ بەڕیوبردنی شکۆداری ساڵڕۆژی شۆڕش بۆیە ڕژێم کەوتووتە تەقالا و ترس لە بەشداریی بەرین و شکۆداری خەڵک لەم ساڵڕۆژەدا دایگرتووە.

شۆڕشی ژینا پەیام و دەنگی خۆی گەیاندووەتە جیهان. خەڵکی کوردستان پاش ئەم شۆڕشە زیاتر لە جاران و بە دەنگێکی بەرزتر و بە سەربەرزییەوە باسی خواست و ویست و ئاواتەکانیان دەکەن باسی داوا ڕەوا و ئینسانییەکانی دەکەن و شێلگیرانە هەموو دەسەڵاتی کۆماری داگیرکەری ئیسلامیان لە کوردستان، کردووەتە ئامانج. زیاتر لە ٤٦ ساڵ پڕۆپاگاندای ڕژێم بۆ ئەوەی وایبنوێنێ کە شۆڕشی کوردستان تەنها چالاکیی چەکدارانەی ژمارەیەکی کەمە، بەم شۆڕشە بوو بە بڵقی سەرئاو و وەکوو هەموو درۆ و ئیدەعا پووچ و بێناوەرۆکەکانی دیکەیان ناڕاستییەکەی ئاشکرا بوو.

شۆڕشی کوردستان هاواری بیرۆکە مرۆڤانی و پێشکەوتووەکانی ئینسانی سەردەمە. خەڵکی کوردستان دەسەڵاتی فاشیستیی ناوێ و ئازادی و خاوەن مافبوونی ژنان و ڕەگەزەکانی دیکە بە مەرجی ئازادیی خۆی دەزانن. گەلی کورد دەسەڵاتی ئایینی ناوێ. نەتەوەی کورد مێژوویەکی دووردرێژی لە خەبات بۆ وەدەسهێنای سەروەریی سیاسی و مافی چارەی خۆ نووسیندا هەیە، لەم ڕێگە دووروودرێژەدا کوردستان خەباتێکی گەش و ڕوو لە پێشکەوتنی بووە و هەموو کاتێک پێشڕەوترین ئامانجە یەکسانیخوازانە و ئینسانییەکان تێیدا بەرچاو بووە. شۆڕشی ژینا لووتکەی گەشەی بزووتنەوەی کوردستان بۆ بەردەوامی لە پێشەنگایەتیی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتییە.

لە ساڵڕۆژی شۆڕشی ژینادا کوردستان بەهێزتر و یەکگرتووتر لە جاران نەک هەر خۆی بۆ مانەوە لە پێشەنگایەتیی سەربەرزانەی شۆڕشدا ئامادە کردووە بەڵکوو شێلگیرانە هاندەر و موژدەبەخش و دەنگی دلێری ڕزگاری، ئازادی و یەکسانیخوازی دەبێ.

شۆڕشی ژینا بە روونی دەریخست کە کوردستان پێگەی قایم و کۆڵەکەی بەهێزی خەبات دژی ڕژێمی ئێرانە

## سەروتار

### ...پاشماو

ئەم شۆرشە بێدەنگییەکانی شکاندوهاواری پەنگ خواردی دەیانساڵەی خۆی لەژێر ناوی بژی « ژن، ژیان، ئازادی » و « مەرگ بۆ دیکتاتۆر »،هاوار کرد.

زانکۆکان و خوێندکاران کە ماوەی ساڵانێک بوو بێدەنگ بوون، بە گڕ و تینێکی زیاترەوە بەم خەباتە پەیوەست بوون. حیجابەکان لابران و سووتێندران، شەڕی ژنان و گەنجان لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی حکومەت بووە ڕاستی ناو شەقام . ئەم شۆرشە تادەهات گەورەتروو گەورەتر دەبوو. پێوەندی نێوان جەماوەری ناوەوە لەگەڵ ئێرانیانی تاراوگە پتەوترو پتەوتر بوو. جگە لەوەش پشتیوانی ئازادیخوازانی جیهان بۆ ئەم شۆرشە مژدەی داهاتوویەکی گەشی دەدا. ژنان لەم شۆرشەدا دەیان هەویست بوێرانە گۆرانکاری لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا پێک بێنن. ڕادیکالیزم و پێشکەوتنخوازی دروشمەکان، ئەم شۆرشەی جیاوازتر کردبوو. ئەمە گەورەترین و هۆمێد بەخش ترین بەرخۆدان بوو کە خوازیاری گۆرانکاری بنەرەتی بوو. دژایەتی تەواوی سیستەمی ئیسلامیی، لەپێناسە سەرەکییەکانی ئەم شۆرشە بوو.خەڵک بوێرانەتر لە جاران خەباتێکی چارەنووس سازیان دژ بە ڕژیم وەڕێ خستبوو،هاوسەنگی هێزیان بە قازانجی خۆیان گۆڕی بوو.

لە ڕاستیدا بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا کە بە دروشمی « ژن، ژیان، ئازادی»،« نە ڕووسەری، نە تووسەری »، « مەرگ و نەمان بۆ دیکتاتۆر » و بە کردەوەی سەمبۆلیکی وەک لابردنی حیجاب لەسەر شەقام و سووتاندنی هاتە مەیدان، یەکێک لە پایەگرنگەکانی دەسەڵاتی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی دەسەڵاتیی ئیسلامیی تێکشکاند. ئەم شۆرشە بە کردەوە بزووتنەوەی ڕزگاریی ژنی نەتەنیا لە کوردستان و ئێران، بەڵکوو لە ئاستی ناوچەکەدا بردە قۆناغێکی نوییە وە.

یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئەم شۆرشە ، بەشداریی بەرین و پێشەنگی ژنان بوو لە سەرتاسەری ئێران و کوردستان. ئەم شۆرشە کاریگەری و ڕۆڵی ژنانی لە هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا زیاتر لە ڕابردوو نیشان داو ئەو ڕاستییەی سەلماند کە شۆرش بەبێ بەشداری ژنان لاسەنگە و سەرنجامێکی نابێ ..

بەهێز کردنی پرسی نەتەوەیی و کردنی بە بابەتێکی سەراسەری و هاوسۆزی و هاوخەباتی نەتەوەیی و بەرزکردنەوەی تا ئاستێکی بەرچاوو، لە خاڵە بەهێز و بەرچاوەکانی ئەم شۆرشە بوو.

ئەمرۆ ئیترخەبات بۆ دەستەبەر کردنی مافی یەکسان بۆ هەموو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، بابەتێکی نەناسراوو قبووڵ نەکراو نیە. ئەم دەسکەوتێکی گرنیگی ئەم شۆرشەیە کە ئێمە لە خەباتی کۆمەڵانی خەڵکدا هەر رۆژە شاهیدی ئەوەین. پێکهاتنی یەکگرتوویی نەتەوەیی و بایەخدان بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەکانی ژێر زوڵم و چەوسانەوە و هیوا بە شکڵگرتنی پێکهاتە یەکسانیخوازەکان و دروستکردنی یەکێتییەکی دڵخوازانەی ئەمرۆیی، دەتوانرێت لەو دەسکەوتە گرنگ و بەنرخانەی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژینا چاوی لێبکەین.

شۆڕشی "ژینا"بەکردەوە گۆرانکاریەکی بێ وێنەی لە مێژووی سیاسی ٤٦ساڵی ڕابردووی ئێراندا پێکهێنا بە جۆرێک کە کۆمەڵگای ئێران ئیتر بۆ هیچکات ناچێتەوە ناو بارودۆخی پێش شۆڕشی"ژینا". لەماوەی ٤٦ساڵی ڕابردوودا ئێمە شاهیدی گەلێک خۆپیشاندان و خرۆشانی جەماوەری لەشارەجۆراوجۆرەکانی ئێران و بە تایبەتی کوردستان بوین و لەم ماوەیەدا دەیان و سەدان مانگرتن و شورش و ئاخێزی کۆمەڵایەتیمان بینی و ئەزموونمان کرد کە هەرکام لەمانە مەترسێکی گەورەو کوشەندەیان بۆ کۆماری ئیسلامیی هەبوون . بەڵام شۆڕشی "ژینا" دەکرێ وەکوو وەرچەرخانێکی گرینگ لە مێژووی هەموو ئەو شۆرشانەو ئاخێزانەدا سەیر بکرێ . شۆرشێک کە روخانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی کردە ئامانج و بووە مەترسێکی یەکجار گەورە بۆ سەر ئیسلامیی سیاسی لە ئێران و تەنانەت لەناوچەکەش. لەگەڵ نزیک بونەوە لە سالۆگەری ئەم شۆرشەو مەرگی دلتەزێنی "ژینا"ی کوردستان ، کۆمەڵێک ئەولەوێت و بەرپرسیارییەتی گرنگ دەکەوێتە سەر شانی هێزە شۆرشگێرەکان و بەتایبەتی ئاڵاهەڵگرانی ئەم شۆرشە . شۆڕشی "ژینا" کۆمەڵێک دەسکەوت و ئەزموونی بە نرخی لە شەقامی کوردستاندا تۆمار کرد . لەپال هێزەکانی تری چالاک لە گۆرەپانی خەبات لە کوردستان ئەوە هێزە چەپەکانن کە دەبێ ئەم دەسکەوت و ئەزمونانە بپارێزن و لەئەزمونەکانی کەڵک وەرگرن و لە شۆڕشی داهاتوودا کەڵکی لێ وەرگرن . شۆرشگێران و رێبەرانی بەئەزموونی خەباتی جەماوەری لەکوردستان دەبێ لە بیری شکلدان و پەرەپێدانی جەمسەرێکی چەپی بەهێز کە هەڵگری بە ئەمەگی ئاڵای شۆڕشی ژینا و دەسکەوتەکانی ئەم شۆرشە لە کوردستاندابن و زیاترخۆی بۆ ئامادە کەن.

دەبێ شۆرشگێران و ڕێبەرانی ئەم شۆرشە کە لە هەوڵ و خەباتی تا ئێستایان ئەزموونیان بەدەس هێناوە لە دەوەرەی داهاتووشدا دەور بنوێنن و لەدەوری یەک کۆببنەوە و تواناییەکانیان بە شێوازێکی بەرنامە بۆ داندراو، لە هاوئاهەنگی لەگەڵ یەکتردا بخەنە گەڕو لایەنەبەهێزەکانی ئەم شۆرشە بەهێزو بەرەو پێشی بەرن . تا بەم شێوە لایەنی چەپی ئەم شۆرشە بەهێز کەن و هاوسەنگی هێز بە قازانجی بەرەی خۆیان واتا بەرەی شۆرش بگۆرن . ئەوە ئەرکی چەپەکانی کوردستانە تا جارێکی ترو بەشێوازێکی ژیرانەتر سوککانی ئەم شۆرشە بەدەستەوە بگرن و ڕێنوێن و ڕێنیشاندەری بن . ژنان و کچانی شۆرشگێری کوردستان لەقۆناغی یەکەمدا ڕۆڵی باشیان گێراو بونە ئاوێنەی باڵا نوێنی شۆڕش و بێ گومان لەقۆناغی ئێستاشدا شەقامی شۆرش چاوی هەرلەوانە و هەر ئەوانیش دەبن کە شان بەشانی پیاوان و دایک و باوکەکان بەرەو ئەو یادە مەزنە برۆن و شۆرشێکی ترو ڕادیکاڵترو ئەوەی شیاوی کۆمەڵگای چەپی کوردستانە،ڕێکبخەن.

شۆرشی ژینا دەرفەتێکی گونجاوی بۆ هێزەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامیی لە کوردستان خوڵقاند. لە خەباتی داهاتووماندا دەبێ جارێکی تر ئەم شۆرشە بخوێنینەوە و هۆکارەکانی دامرکانی لێکبدەینەوەو خەسارناسی بۆبکەین . کۆسپ و بەربەستەکانی سەر ڕێگای بناسین وبۆ چارەسەر کردنیان تێبکۆشین. پێش مەرجەکانی بە سەرکەوتن گەیاندنی وەها ڕاپەرین و بەرخۆدانێک و پاشەکشە پێ کردن بە دوژمنی داگیرکەر لە کوردستان ،بەهێزکردنی بزووتنەوەکە، کلیلی پێکگەیشتنی هەموو ئەو ئازادیخوازانەیە کە ئارەزووی پێکهێنانی بەرەیەکی بەهێز و ڕادیکاڵ بۆ روخانی کۆماری ئیسلامیی دەکەن و خوازیاری دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئینسانین.

# شۆڕشی ژینا و چەند پرسیارێک



**بێهرووز ئەنساری**

ئەم بابەتە نەک وتارێکی شیکارانەوە یان ئانالیزکردنی شۆڕشی ژینا، بەڵکو هەوڵێکە بۆ هینانە ئارای چەند پرسیارێکی گرنگ بۆ ئەوەی پسپۆڕان و شارەزایان بتوانن خەسارناسی زانستی لەسەر شۆڕشی ژینا پێشکەش بکەن.

پێویستە لە سەر شۆڕشی ژینا بە شێوەیەکی ئاکادیمیک و فکری لێکۆلینەوە بکرێت بۆ تێگەیشتن و پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی کە لە بەرهەمی ئەم شۆڕشەوە دەرچوون. ئەم لێکۆلینەوەیەش دەکرێت وەک بەشێک لە زنجیرەیەکی مێژوویی لە دوای ساڵی ١٣٥٧ وە ، هەتا بە شۆڕشی ژینا، لە بەرچاو بگریت بۆ ئەوەی هەستی نەتەوەیی کوردی لە ڕۆژهەڵات بە وردی و بە شێوەیەکی زانستیی و ئاکادمی شیی بکرێتەوە.

شۆڕشی ژینا یەکێکە لە گەورەترین شۆڕشە کۆمەڵایەتی و ماڤخوازانەکانی ئەم سەردەمە بوو. کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستپێشخەریی ئەم شۆڕشە بوو. شۆڕشی ژینا چەشنە نافەرمانییەکی مەدنی بوو بەرانبەر بە هەموو یاسا و ریساکانی سەدەی رابردوو، کە بە تێکۆشانی کوردان لە ڕۆژهەڵات پەیوەندی هەبوو، بە تایبەتی لە ماوەی ٤٦ ساڵی حکومەتی کۆماری ئیسلامی. ئەو شۆڕشەوە وەک ئاکامێک دەکرێت بزانرێت بۆ ئەو سەرکۆتکردن، کوشتن و تەنیاکردنە کە کوردانی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی نزامی و سیاسی لەگەڵی بەربەرەکانێیان کردووە.

شۆڕشی ژینا لە هەمان کاتدا هەوڵی ئافرتی کورد و نەوەی نوێ بۆ بەرژەوەندی و ژیانێکی باشتر و سەرفەرازانە بەرامبەر بە سیستەمی دوواکەوتوی پیاوسالاری کۆماری ئیسلامی و کۆمەڵگایەکی پڕ لە قەیران و درۆ بوو.

بە پێچەوانەی ئەو لێدوانانەی کە هەوڵیان داوە شۆڕشی ژینا تەنها بە شێوەیەکی دژبەری بەرانبەر پۆشاکی زۆرەملی – بە شێوەی ڕووسەری – تێپەڕاندەوە، لە کوردستان ئەو شۆڕشە بە شێوەیەکی ماڤخوازانە و دژبەرانە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی لە نێو کۆمەڵگایەوە برووسکایەوە.

بۆ چی شۆڕشی ژینا نەبوو بە شۆڕشێکی سەرانسەری و هەمووگیر لە سرتاسری ئێران، جێگەی لێکۆڵینەوەی پسپۆڕانەیە. بە بڕوای نووسەر، لەو کاتەدا – و هەروەها لە پێشتر و دواتر – نارزایەتی و دژبەری بەشێک لە کۆمەڵگای ئێران نە بۆ ڕووخان و و لابردنی حکومەتی ناوەندی، بەڵکو بۆ چاکسازی و گۆڕانکاری لە ناو خۆی سیستەمەکەدا بوو، هەر بۆیە شۆڕشی ژینا بە شێوەیەکی تایبەتی لە کوردستان و بلوچستان بەردەوام بوو، بەلام لە زۆربەی بەشەکانی تر لە جۆغرافیای ئێراندا توانای گەشەی فراوانی نەبوو. ئەم پرسیارە سەرکییانە لە سیهەمین ساڵی دەستپێکی ئەم شۆڕشەدا بۆ کار لە سەر خەسارناسی دەتوانن یارمەتییدەر بن: بۆ حیزبەکانی کوردستان، کە خاوەنی ئەزموونی ساڵیانێکی درێژی تێکۆشان و خەبات دژی کۆماری ئیسلامی بوون، نەیانتوانی ئەم دەرفەتە وەک هەوێنی هەوڵی کاری هاوبەش و ڕێکخستنی ناوەماڵی کوردی و هەروەها سازماندانی ئەم شۆڕشە بە کار بهینن؟ لەو بوارە بە شێوەیەکی کارامە کەڵک وەربگرن و هەڵسوکەوتی دروستیان بێت؟ بۆ دیاسپۆرای کوردی نەیتوانی شۆڕشی ژینا وەک دەرفەتێکی گرنگ کە بتوانێت لەوەوە بە شێوەیەکی کارامە بۆ ناساندنی دۆخی کوردی لە ڕۆژهەڵات بە جیهان کەڵک وەربگریت؟ و ئەو ڕۆڵەی کە پێویست بۆ بگێریت؟ بۆ زۆرێک لە ئێتلاف و دەستە و گروپە سیاسییەکان، شۆڕشی ژینا دەرفەتێکی گرنگ ڕەخسا. بەڵام زۆربەیان یان کاتییان لەدەستدا یان زۆر زوو هەڵوەشانەوە و نەیتوانیان بە شێوەیەکی کارامەد بەرپرسیارییەکانیان جێبەجێ بکەن؟ بۆ کۆماری ئیسلامی توانی لە بەرچاوی جیهانەوە شۆڕشی ژینا سەرکوت بکا و بەوپەڕی درندەیەوە، وەک هەتاکۆ ئیستا بەشدارانی ئەم شۆڕشە بە تایبەت لە کوردستان سەزا بدات؟ ڕوڵی سلبریتییەکان، سۆسیال میدیا و تاکەکانی چالاکی لەم شۆڕشەدا چی بوو؟

شۆڕشەکانی داهاتوو لە ئێران و ناوچەکەدا چۆن دەکرێت پێشبینی بکرێن؟

هەروەها دەیان پرسیار لەو جۆرەیە هەیە کە دەبێت بۆ ناسین و تێگەیشتن لە خەسارەکانی شۆڕشی ژینا لێکۆلینەوەیان لەسەر بکرێت.

شۆڕشی ژینا بەردەوامبوونی زنجیرەیەکی درێژی خەبات و تێکۆشانە کە لەمێژەوە لە مەیداندایە. هەر بە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ڕژیمی پاشایەتیی و هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی، کورد لە ڕۆژهەڵات بەرەنگارییەکی بێوێنە دژی تاریکی و دوواکەوتوویی سیستەمەکە نیشاندا، بەڵام، ئەو خەباتە هەتاکۆ ئێستاش دەستکەوتی سیاسی و میدانی بەهێزی نەبووە.

پرش و بڵاوی حیزبە سیاسییەکانی ناو میدانی خەبات لە ڕۆژهەڵات، کە زۆرجار بە دژبەری و ڕووبەڕووبوونی یکدی کاتیان لە دەست داوە، بوو بە هۆی ئەوە کە کوردی ڕۆژهەڵات نەتوانێت وەک یەکدەنگ و یەکئیرادە خۆ لە مەیداندا نێشان بدا. ئەم خەسارەیە لە شۆڕشی ژینا دووبارە دیاربوو؛ بۆیە لە جیاتی دژبەری سیستەمی کۆماری ئیسلامی، دژبەری وتێکشکاندنی یەکتر بوو بە میدانی ململانی.

لەم چوارچێوەیەدا، بۆ مرۆڤی کوردی دوور لە بازنەی حیزبەکان، سیاسەتی کورد لە ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی ساویلکە و ساکار دەردەکەوێت کە لۆژێک بەرجەوەندی کاتیی حیزبی لە سەر لۆژیکی بەرجەوەندی نەتەوەیی ئەهەمیەتی پیی دەدریت.

بۆ ئەو کەسانەی کە بەرجەوندی هاوڵێشتمانان پیش بەرجەوەندی حیزبی چاو لیدەکەن، پرسیاری گرنگ ئەوەیە: ئایا دژبەریی کۆماری ئیسلامی لە لایەن حیزبەکانی کوردەوە دووبارە بە دژبەری و ڕووبەڕووبوونی یەکدی گۆڕاوە؟ کوردی ڕۆژهەڵات لە هەموو شۆڕشەکانی مێژووی خۆیدا، لە خەسارتەکانەوە بۆ خۆڕاگریی نوێ گەیشتووە. ئەم هیوایە بە شێوەیەکی جدی دەبێت بە هەوڵ بخرێت و وەک ئەرکێک لەسەر شانەی هەموو تاکێکی کوردی ڕۆژهەڵات بخرێتەوە.

بۆ ئەوەی هەوڵەکانی داهاتوو بتوانن بە دەستکەوتی سیاسی ڕاستەوخۆ بگات، نابێت دووبارە بە هۆی نەبوونی یەکهەڵوێست، دەرفەتەکان لە کیسمان بچێت.

خەسارت دەگۆڕێت بۆ دەستکەوت کاتێک یەکگرتوویی هەڵوێست هەبێت. پارچەبوون هەمیشە هۆکاری شکست بووە؛ بۆیە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەبێت لەسەر بنەمای یەک هەڵوێستی گشتی بەرەوپێش بچن. ئەم یەکگرتوویە دەکرێت لە سەر خاڵە هاوبەشەکان بنا بکرێت.

**بۆ ئەم مەبەستە پێویستە:**

١. دروستکردنی پلاتفۆڕمێکی یەکگرتوو لە نێوان حیزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوە مدنییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
٢. بەهێزکردنی پەیوەندی دیاسپۆرا و ناوخۆ بە شێوەیەکی سیستەماتیک.
٣. ژنان و جوانان بە ناوەند بکرێن لە چالاکییەکان و بەرپرسیاریکاندا.
٤. دروست کردنی لۆبی و پەیوەندی بۆ ناساندنی دۆخی ڕۆژهەڵات و پشتێوانی لە خەباتیی ناوخۆ

وەک پرنسیپ لە هەر چەشنە ڕێکەوتنیک لەگەڵ ئوپوزیسیونی ئیرانی بۆ داهاتووی ئێران، کورد دەبێت بە یەکدەنگ وەک خاڵی سەرەکیی لە سەر ئەم خاڵە پێداگرِ بێت: ئازادی بەبێ ناسینەوەی مافە نەتەوەییەکان وەدیی نایێت. هەر چەشنە ئیتلاف و هاوکارییەک بۆ داهاتووی ئیران دەبێ وەک سەنەد بەڵگەمەند بکرێت وهەروەها روون و نەشاراوە بێت.

بەبڕوای نووسەر بوونی حیزب و ڕێکخراوە لە کۆمەڵگادا باشترین دەرفەت و مکانیزمە بۆ ئاڵوگۆڕ و پێش بردنی ئامانجەکان بە مەرجی ئەوە حیزب و ڕێکخراوەکان بەرجەوەندی نەتەوەیی پێش بەرجەوەندی حیزبی چاو لێ بکەن و باوەڕیان بە پۆلاریسم و هەروەها ماڤی دەربرینی بێروڕای دژی بێروڕای خۆیان بیت. بە هیوای ئەوە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داهاتوویکی گەش و هەمەرەنگی بێت. بەرز و بەرێز بێت یاد و ناوی هەموو گیانبەختکردووەکانی خەباتیی نەتەوەکەمان.

# ژینا؛ لە سەقزەوە بۆ جیهان

## کاتێ دروشمێکی کوردی/ژن ژیان ئازادی/ بووە دەنگی ناڕەزایەتی و ئازادی ...



**بێگەرد سالّح**

ئایا بزووتنەوەی ژینا؛ تەنیا ڕەوتێک بوو لە ڕووی سۆز و هەستەوە یان ڕەوتێکی مێژوویی بوو لە سەنتەری کوردستان؟

بزووتنەوەی ژینا لە شاری سەقز، لە کاتی ناشتنی تەرمی ژینا ئەمینی، دەستی پێکرد. لەو کاتەوە، دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" کە ریشەیەکی کۆن و مێژینەی لە بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی کوردەکانەوە هەیە بوو بە هێمای سەرەکی ئەم ناڕەزایەتییە. ئەم دروشمە لە بنەڕەتدا جەخت لەسەر سێ بنەمای سەرەکی دەکات: یەکسانی جێندەری، مافە مرۆییەکان، و ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتی. ئەمە نیشاندەدات کە بزووتنەوەی ژینا تەنها وەڵامێکی کاتی بەرامبەر بە کوشتنی ژینا نەبوو، بەڵکو درێژەپێدەری ئەو نەریتە مێژووییە بوو کە کوردەکان لە خەباتی خۆیان بۆ یەکسانی، دادپەروەری، و ئازادی پێشکەشیان کردووە.

کوردستان، وەک هەرێمێک کە مێژوویەکی پڕ لە بەرخۆدانی هەیە، خاوەنی سەرچاوەیەکی کولتووری و سیاسیە کە توانیویەتی ئەم بزووتنەوەیە بکاتە خاڵی وەرچەرخانێکی گەورە. شوناسی کوردی، کە بەردەوام لە ژێر فشاری ناوەندگەرایی و ستەمی نەتەوەییدایە، بووە هۆکاری سەرهەڵدانی هێزێکی کۆمەڵایەتی کە توانیویەتی دەنگی ناڕەزایەتیەکە بەرز بکاتەوە بەرەو ناوچەکانی دیکەی ئێران و تەنانەت جیهانیش ئاگادار بێتەوە.

یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی ژینا ئەوە بوو کە توانی پرسی کورد وەک پرسێکی نەتەوەیی بگۆڕێت بۆ داواکارییەکی گشتی کە لەگەڵ خواستەکانی گەلانی دیکەی ئێراندا یەکگرتوو بوو. دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" نە تەنها جەخت لەسەر مافەکانی ژنان دەکات، بەڵکو داوای ژیانێکی شایستە و ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتیش دەکات. ئەم دروشمە بوو بە پردێک کە داواکاریە مێژووییەکانی کورد بە داواکارییە گشتییەکانی خەڵکی ئێرانەوە ببەستێت و ئەوانیش وەک نەتەوەی فارس، بەلووچ، عەرەب، و گرووپەکانی دیکە داوای مافەکانی خۆیان بکەن.

ئەم یەکگرتنە نیشانیدا کە بزووتنەوەی ژینا زیاتر لە کاردانەوەیەکی سۆزداری بووە. ئەوە درێژەیەکی مێژوویی بوو کە لە ئەزموونی کوردەکانەوە سەریهەڵدا و توانی گوتارێکی نوێ لە یەکسانی جێندەری، یەکسانی نەتەوەیی، و دادپەروەری کۆمەڵایەتی پێشکەش بکات. هەر ئەمەش توانی ئەم بزووتنەوەیە لە ناڕەزایەتییەکانی پێشووی ئێران جیا بکاتەوە، بۆ ئەوەی توانی داواکارییە جیاوازەکان لە ژێر یەک چەتر و یەک دروشمدا کۆبکاتەوە.

سەرکوتکردنی توندی ناڕەزایەتییەکان لە شارەکانی وەک سەقز، سنە، مەهاباد، بوکان، جوانڕۆ، و پیرانشار نیشانیدا کە حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئاگاداری ڕۆڵی گرنگی کوردستانە لە سەرەتای ئەم بزووتنەوەیەدا. کوژرانی دەیان گەنجی کورد، دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە چالاکوانان، و بوونی هێزە ئەمنییەکان لەم ناوچانەدا ئەوەی دەرخست کە دەسەڵات ترسی هەیە لە پەیوەندی نێوان شوناسی کوردی و توانایی سەرکردایەتی کردنی ناڕەزایەتییەکی سەرتاسەری.

ئەم سەرکوتە توندە نە بەڵگەی بزووتنەوەیەک بوو کە لە ژێر سایەی مێژووی بەرخۆدانی کوردەکانەوە سەریهەڵدا و توانی هەموو چینەکانی کۆمەڵگەی ئێران لە دژی ستەمی دەسەڵات کۆبکاتەوە.

بزووتنەوەی ژینا زۆر بە خێرایی سنوورەکانی ئێران تێپەڕاند و بوو بە هێمایەکی جیهانی بۆ خەباتی ژنان و کەمینەکان دژی ستەمکاری. دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بە دەیان زمانی جیاواز وەرگێڕدرا و لە ناڕەزایەتییەکانی ئەوروپا، ئەمریکای لاتین، و وڵاتانی دیکەدا دەنگی دایەوە. ئەمە نە تەنیا پرسی کورد وەک پرسێکی نەتەوەیی بەرزکردەوە، بەڵکو خەباتەکانی کوردی بە خەباتی ژنانی جیهان و کەمینەکانەوە گرێدا.




# شۆڕشی ژینا، هەوێنی هەموو شۆڕشەکان!



ماجد عەبدولازادە

شۆڕشی ژینا بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، "نە ڕووسەری، نە تووسەری، ئازادی، یەکسانی"، "مەرگ بۆ دیکتاتۆر و مەرگ بۆ خامنەیی و هەروەها ئاگر تێبەردانی لچک و فڕێدانی حیجاب لەسەر شەقامەکان لە لایەن ژنانی وشیار و ناڕازی، بەکردەوە بنەماکانی دەسەڵاتی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی حکوومەتی ئیسلامیی هێنایە ژێر پرسیار. ئەم شۆڕشە لەو جێگەوە کە بەهێزترین پێگەی ئیسلامیی سیاسیی بە یاسای سەختی دینییەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دایە بەر پەلاماری ئایدیۆلۆژیک، بزووتنەوەی ڕزگاریی ژن لە ناوچەکە خستە قۆناغێکی نوێوە. سووتاندنی سەرپۆش و فڕێدانی لە ناو کۆڕوکۆبوونەوە جەماوەرییەکان، ئیسلامیی سیاسی بەشێوەی بەرین ڕسوا کرد. ڕۆڵ و کاریگەریی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" هێندە بەهێز بوو کە لەماوەیەکی کەمدا دەسەڵاتی لەرزۆکی کۆماری ئیسلامی هێنایە لێواری روخان. خەباتی نەپساوەی ژنان لەماوەی دەسەڵاتی نەحسی کۆماری ئیسلامیی و بۆ نموونە بەشداریی بەرین و بوێرانەی ژنانی ئازادیخواز لەشۆڕشی ژینادا، سەرچاوەی ئەو بەرخۆدانە بەرینەیە کە ئەمڕۆ لە بواری خەبات دژ بە "حیجابی زۆرە ملی" لەگۆشەو کەناری ئێران خۆی نیشان داوە و خامەنەیی و ئیمام جومعەکان و کاربەدەستانی ڕژیم و فەرماندەکانی هێزی ئیتزامیی هەراسان و پەرێشان کردووە. دیارە مەسەلەی "جیجابی بە زۆر داسەپاو" تەنیا یەکێک لە شێوازەکانی ستەمی ژنان لە کۆمەڵگەی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدایە. خەبات دژ بە "حیجابی زۆرە ملی" بە تەنیا ناتوانێ بەرینایی خەباتی ڕزگاری بەخشی ژنانی ئێران نیشان بدات، بەڵام بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەم یاسا و سوننەتە کۆنەپەرستانەیە، ئەمڕۆ بووەتە هێمایەک لە بەرخۆدان و خۆڕاگری بەرامبەر بە یاسا ئیسلامییەکان و پشت گوێ خستنی یاسای بە زۆر داسەپاوی حکوومەتی. دیاردەی بەدحیجابی کە بەمجۆرە خامنەیی جەلاد و باقیی کاربەدەستانی کۆنەپەرستی ڕژیمی نیگەران و هەراسان کردووە، ئەمڕۆ گەیشتووەتە ئاستێک کە ڕژیم توانای کۆنترۆڵکردنی لەدەست داوە. هێزی ڕەوانەکراو بۆ سەرشەقامەکان بۆ پاشەکشە پێکردن بە لەشکری ملیۆنیی ژنانێک کە لەڕێگەی لابردنی ڕووسەرییەکانیان ڕژیمی ئیسلامیی و یاساکانیان بردووەتە ژێر پرسیارەوە، کارامە نییە.

ئەمڕۆ ڕق و تووڕەیی خامنەیی و باقیی کۆنەپەرستانی ناوەوە و دەرەوەی دەسەڵات لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ساڵانێکە سەرەڕای خەرجی زۆر لە گیرفانی خەڵک و ٤٦ ساڵ چالاکیی پڕوپاگەندەی ناوەندە ڕەنگاوڕەنگەکانی دواکەوتوویی ئایینی و دەزگا سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامیی نەیانتوانیوە "بەربەستە شەرعییەکان"ی دڵخوازی خامنەیی جێگر بکەن و بەسەر خەڵکدا دایسەپێنن. یاساو ڕێسای قێزەونی ئیسلامیی بەمانای یەخسیر کردن و لەناو ماڵدا هێشتنەوە و بێ مافکردنی یەکجاریی ژنانە. کاربەدەستانی ڕژیم لە سەرەوەی هەموان جینایەتکارێکی لەچەشنی خامنەیی بێجگە لەوەیکە دەیهەوێ ژنان لە هەمان کۆت و بند و یەخسیریدا ڕابگرێت، فێڵبازانە بە ئامانجی بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتیی، بەتەمایە مەسەلەی حیجاب، ئەم هێمایەی کۆیلەتیی ژنان، بکاتە مەشغەڵەی ئەوان. ڕۆڵی ژنانی خەباتکار بەتایبەت دوای شۆڕشی ژینا حاشاهەڵنەگرە. ئەمڕۆ ژنان لە ڕیزی یەکەمی ئەم بزووتنەوانە دان و لە ڕێنوێنی و ڕێبەرییاندا ڕۆڵی سەرەکیان هەیە. خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە هەوڵی سەرەکی ڕژیم لەم بوارەدا بێ ئاکام بووە و نیتوانیوە و ناشتوانێ بەر بە خەباتی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز دژبە کۆت و بەند و دواکەوتوویی بگرێ. لەئێستادا خەباتی ژنان بووەتە بەشێک لە خەباتی بەردەوام و ڕۆژانەی خەڵکی بێبەشی ئێران دژبە بێکاری، هەژاری، گرانی و کێشەکانی تری ناو کۆمەڵگەی ئێران و نیشانەی ئەو راستییەن کە ژنان و پیاوانی ئێران، لە خەباتی خۆیاندا بەرەو ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی هەنگاوی بێ پسانەوە هەڵدەگرن.

بێ گومان دانان و کەڵک وەرگرتن لە "مەئموورانی کۆنترۆڵکردنی حیجاب" لەناو شوێنە گشتییەکان و بەتایبەت لە میترۆکان و "چاودێر" بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی جلوبەرگی کچانی لاوی وڵات، بەشێکە لەو شەڕە سەرتاسەرییەی کە حکومەت لەدژی ژنانی ئێران خستوویەتە ڕێ. بەڵام پێشڕەوی ژنانی بوێر و ئازادیخواز لەم سەنگەرە و لەم نەبەردە دا حاشا هەڵنەگرەو بە کردەوە ڕژیمی خستۆتە دۆخی بەرگریکردنەوە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگەی ئێران بەهۆی کردار و یاسا ئیسلامییەکان دژی هەموو دین و یاساو ڕێسایەکی دینین. خەڵکی ئێران "ئاخوند و دین" بە هۆکاری دواکەوتوویی وگەندەڵی، سەرکوت، تاڵان و بوونی یاسای کۆنەپەرستانە و هەڵاواردن دەزانن.

نابێ لەبیری کەین کە یەکێک لە داخوازییەکانی شۆڕشی شکۆداری ئێستا دابین کردنی مافەکانی ژنان بەپێی ئاخرین ئیستانداردەکانی ئەمڕۆی دنیای پێشکەوتووە. هەڵوەشاندنەوەی حیجابی ئیجباری و تێکەوە پێچرانی هەموو ناوەندەکانی سەرکووتی ژنان، هەنگاوێک دەبێت لە پێناوی دەستەبەر کردنی ئەم داخوازیە بنەڕەتیەدا.

بردنی کۆماری ئیسلامیی بەرەو روخاندن، دەبێ هەنگاوی یەکەم بێت بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگایەک کە تێیدا دابین بوونی ماف و ئازادی و یەکسانی تەواوی ژنان و پیاوانی تێدا ببێتە پێویستەیەکی بنەڕەتی بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی شیاوی ئینسانی کە ئاکامەکەی سڕینەوە و ڕیشەکێش کردنی چەوساندنەوەی ژنانە.

فڕێدانی سەرپۆش بەکردەوە دەتوانێ "یاسا بە زۆر داسەپاوەکان" هەڵوەشێننەوە. بێگومان هەڵمەتێک کە لەم بوارەدا دەستی پێکردووە دەکرێ بەسەرەنجام بگات. ڕژیم لە بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ بەدحیجابیدا کەوتووەتە سەر لێواری هەڵدێر. با هەموومان پێکەوە سەرپۆشەکان فڕێ بدەین و بەرەو دونیای ئازادی هەنگاو بنێین.

## وەفاداران

**ئێوە ئەو ئەستێرە گەشانەی ئاسمانی چەوساوانن**
**هەتا شەو رەش و رەشتر بێت ئێوە هەر گەش و گەشترن**

### ڕابە ژینا، خەڵک بۆ لای تۆ هاتون



ژینا ئەمینی ناسراو بە (مەهسا ئەمینی) لە ساڵی ٢٠٠٠ی زایینی لە شاری سەقز لە دایکبووە. ژینا ئەمینی لە ڕێکەوتی ٢٢ی خەرمانانی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی لەگەڵ بنەماڵەکەی لە کاتی گەڕانەوە لە شاری ڕەشت دەچن بۆ سەردانی خزم و ناسیاوەکانیان لە شاری تاران و لە بەردەم مێترۆی "حەقانی" ئەو شارەدا تەنها بە هۆی ئەوەی چەن تاڵ قژی بەدەرەوە دەبێت لەلایەن " گەشتی ئیرشادی» ڕژیمەوە دەگیردرێت و دەخرێتە بەر ئازار و ئەشکەنجەوە دواتر دەگوازرێتەوە بۆ ئیدارەی پولیسی "وەزرا". ئێوارەی ئەو ڕۆژە ژینا لە حاڵێکدا نیوە گیانە لەلایەن پولیسەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەخۆشخانەی کەسرا لە مەیدانی ئارژانتین. دوای ڕۆژێک مانەوە لە نەخۆشخانە یانی لە ٢٣ی خەرمانان بنەماڵەکەی ئاگادار دەکرێتەوە کە ژینا بە هۆی زەربەی مێشکەوە گیانی لە دەست داوە.

دیارە گیان لە دەست دان بە هۆی ئەشکەنجە لە بەندیخانەکانی ئێران شتێکی تازە و نامۆ نییە! پێشێل کردنی مافی مرۆڤ بە گشتی و مافی ژنان بە تایبەتی لە لایان پۆلیسی گەشتی ئیرشاد لە شەقامەکانی ئێران وەک ئەمرێکی ڕۆژانە بەرێوە دەچێ و تا بە مرس سەدان قوربانی لەکەوتۆتەوە.

ژینا لە کاتی گواستنەوەی بۆ ئیدارەی پولیس لەگەڵ گەشتی ئیرشاد دەبێتە دەمەقاڵەی و ڕخنە و ناڕزایەتی خۆی لە دەستگیرکردنی بە بێ هۆی دەردەبڕێ. لە نێوان ئەم دەمەقاڵانەی مەئمورەکانی ڕژیم، ژینا دەکەوێتە بەر هێرشی دڕندانەی ئەو هێزانە. بەڵام ژینا تا گەیشتن بە دەسبەسەرگەی "وەزرا" کێشەیەکی ئەوتۆی نەبوو و هێشتا ئاگای لە دەوروبەری خۆیی بوو، هەرچەن زۆر بێ حاڵ بوو. دواتر ویدوئۆیەک کە لە ژینا لە ناو نەخۆشخانە بڵاو کرایەوە نیشان دەدات کە ژینا ئاستی هۆشیاری زۆر لە خوارەوە بووە و دوای ماوەیەک دەچێتە کۆماوە.

٢٣ی خەرمانان ژینا لە نەخۆشخانەی کەسرا لە ژووری تایبەت بەستەری دەکرێت، ناوبراو لە هۆش خۆی دەچێ و بەداخەوە ئاگای لە خۆی نامێنێ. هەروەها شوێنی ئەشکەنجە و شین بوونەوە و خوێنی دەڵەمە لە سەر و پاڵ گوێچکەکانی دەبیندرا و بە سەر جەستەیەوە دیار بوون.

٢٤ی خەرمانان چەندین هەواڵ سەبارەت بە مەرگی ژینا بڵاو بوەوە. بەڵام بنەماڵەکەی ڕایانگەیاند کە ژینا هێشتا لە نەخۆشخانەیە و زیندوە و لە ژووری تایبەتدایە.

٢٥ی خەرمانان ژینا ئەمینی بە هۆی شکانی ئێسکی سەر و خوێن بەربوونی مێشک، کاتژمێر ٩ی بەیانی لە نەخۆشخانەی کەسرا گیانی لە دەستدا. بە پێی ڕاپورتی نەخۆشخانەی کەسرا ڕۆژی یەکەم بە هۆی ئەوەی کە چەندین زەربە بەر سەری کەوتبوو تووشی مەرگی مێشک بووە. تەرمی ژینا دەگوازرێتەوە بۆ پزیشکی یاسایی تاران.

دوای بڵاو بوونەوەی هەواڵی مەرگی ژینا، لە ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکانی هەموو جیهان و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، خەڵکی کورد لە بەردەم نەخۆشخانەی کەسرای شاری تاران کۆبوونەوە و هێزە ئەمنییەکانی ڕژیم وەک هەمیشە بە گازی فرمێسکڕێژ و هەروەها بە باتووم دەستیان کرد بە لێدانی خەڵک و دەیانویست بە زۆر بڵاوە بە خەڵک بکەن. ئەو ڕۆژە هێزە ئەمنیەتیەکان توانیان بڵاوە بە خەڵک بکەن، بەڵام کوردانی دانیشتوی تاران و چەن کەسێک لە ڕۆژنامەوان و خەڵکی تارانیش تا درەنگانێکی شەو لە بەردەم نەخۆشخانە و مەیدانی ئارژانتین خۆپیشاندانیان ئەنجام دا و دەنگی ناڕزایەتی خۆیان هەڵبڕی و خۆپیشاندان تا درەنگانێکی شەو بەردەوام بوو.

بڕیار بوو هەر ئەو شەوە لە ڕێگەی فڕۆکەوە تەرمی ژینا ببردرێتە سنە و لەوێشەوە بۆ شاری سەقز، هێزە ئەمنیەتیەکان دەیانویست سەر لە خەڵک بشێوێنن، بەڵام لە ئاکامدا جنازەی ژینایان بردە تەورێز و دواتر بۆ سەقز، ڕژیم دەیویست بەو کارە سەر لە خەڵک بشێوێنێت تا هەر بەو شەوە جنازەکە بە خاک بسپێردرێت. تەرمی ژینا کاژێر ٥ی سەر لە بەیانی گەیشتەوە شار سەقز. هێزە ئەمنیەتیەکان دەیانویست بە هەر شێوە بێت، هەر ئەو سەر لە بەیانییە جنازەکە بە خاک بسپێرن، بەڵام خەڵکی شاری سەقز کە هەواڵیان پێ گەیشتبوو هەر شەو چوو بوونە سەرقەبرانی ئایچی و لەوێ مابونەوە تا جنازەکەی ژینا بگاتەوە زێدی خۆی، خەڵک و دایک و باوکی ژینا بە هەموو شێوە دژایەتی ئەو بڕیارەی هێزە ئەمنیەتیەکانیان کرد و ڕێگەیان نەدا پلانی ڕژیم لەوێدا سەر بگرێ.

هەر کە هەواڵی مەرگی ژینا لە ناوشاری سەقز بڵاو کرایەوە، شار هەمووی تووشی شوک بوو، کەس باوەڕی نەدەکرد، مەرگی ژینا بۆ شارێک کە خەباتی مەدەنی بەهێزی هەیە وەک تەقینەوەیەکی گەورە وابوو، چالاکانی مەدەنی ئەو شارە و خەڵک بڕیاریاندا کە ڕێگە نەدەن تەرمی ژینا بەو بەرەبەیانە زووە بنێژن، پێش ئەوەی تەرمی ژینا بگاتەوە بۆ سەقز، بەشێکی بەرچاو لە خەڵک چوونە پولیسی ڕێی سنە و بەشێکی دیکەش بۆ پولیسی ڕێی بۆکان و هەموو ئەو ڕێگایانە کە ئەگەری ئەوە هەبوو تەرمی ژینا لەوێوە بێنەوە، خەڵک ئەو ڕیگانەیان گرتبوو و ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکیش هەر لە شەوەوە چ بوونە سەرقەبرانی ئایچی، لە کاژێر هەشتی بەیانیەوە بە هەزاران کەس لە سەرقەبران ئامادە بوون و تا دەهات ئاپۆرای خەڵکەکە زیادی دەکرد.

هەزاران کەس لە سەرقەبران ڕاوەستابون، تەنانەت هەناسەی کەس نەدەبیسترا، دەتوت سەرقەبران کەسی لێ نییە و بێدەنگیەی تەماوی سێبەری بەسەر قەبرستاندا کێشابوو دواتر جەماوەری ناڕازی بە دروشمی مەرگ بۆ خامنەیی و مەرگ بۆ دیکتاتۆر بێدەنگیەکەیان شکاند. ئیتر دوای چەن چرکەیەک شۆڕشێک لە دایک بوو بە ناوی شۆڕشی مەزنی ژینا بە دروشمی ژیرانەی ژن ژیان ئازادی.

هەر ئەو ساتە ڕستەیەک لەسەر گۆڕەکەی نووسرا ژینا گیان تۆ نامری، ناوت دەبێتە ڕەمز و تا هەتایە لە دڵماندا دەمێنیتەوە.

پریشکەی شۆڕشی ژینا مەشخەڵێکی هەڵگیرساند ئاگرەکەی هەرگیز ناکوژێتەوە

# زایەڵەی خوێن، ئاڵای ڕێگا



بێهرووز مەلەکشا

سێ ساڵ لە گیانبەختکردنی ژینا ئەمینی تێپەڕی؛ کچێک کە ناوەکەی، لە شەقامەکانی تارانەوە تا چیاکانی کوردستان، بوو بە هاوارێک کە سنوورەکانی بێدەنگی و ترس و ملکەچی بەزاند. مردنێک کە بڕیار بوو وانەیەک بێت، بوو بە نیشانەی یاخیبوون و هێمایەک بۆ بزووتنەوەیەک کە نەک تەنیا دژی سەرپۆش و حیجابی زۆرەملی، بەڵکوو دژی هەموو پێکهاتەکانی هەڵاواردن و چەوساندنەوە لە ئێران وەستایەوە.

ئەمڕۆ ژینا تەنها ناوێک نییە و لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا بۆتە درەختێکی بەهێز؛ درەختێک کە ڕەگ و ڕیشەی لە ناخ و ڕۆحی ئازادیخوازان و یەکسانیخوازان و گەلانێکدا داکوتاوە کە بە دەیان ساڵ ببوونە قوربانیی ئینکار و سانسۆر و چەوساندنەوە.

دەنگی خنکاوی ژینا، ئێستا لە گەرووی هەزاران ژن و گەنج و کرێکار و ڕۆشنبیر و کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکاندا دەزرینگێتەوە و دەنگی داوەتەوە. ئەو هاوارە چیتر دروشمێکی کاتی نییە، بەڵکوو ناسنامەی نەوەیەکە؛ نەوەیەک کە داوای "ژن، ژیان، ئازادی" دەکات نەک وەک ئایدیاڵێکی دوور، بەڵکوو وەک واقیعێکی حەتمی و پێویستییەک بۆ داهاتوویەکی مرۆیی.

بزووتنەوەی ژینا کە شەپۆلێکی ناڕەزایەتی جەماوەریی لەگەڵدا بوو، هەر لە سەرەتاوە نیشانی دا کە لە بنەڕەتدا جیاوازە لە بزووتنەوەکانی پێشوو. ئەمجارەیان، خاڵی دەستپێک جەستەی مێینە بوو؛ جەستەی سەرکوتکراو و کۆنترۆڵکراو و چاودێریکراو. بەڵام زۆری نەخایاند کە ئەم ڕاپەڕینە سنووری ڕەگەزیی بەزاند و پەیوەست بوو بە پرسی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و هەڵاواردنی نەتەوەیی و چەوساندنەوەی چینایەتی و ئینکاری شوناسە کولتوورییەکانەوە.

بزووتنەوەی ژینا بە کردەوە نیشانیدا کە لە کۆمەڵگەی فرەنەتەوەیی ئێراندا، هیچ گۆڕانکارییەک بەبێ لەبەرچاوگرتنی داواکارییە مێژووییەکانی گەلانی غەیرە فارس، ژنان، گەنجان و کەسانی کەمدەرامەت، مومکین نییە. دروشمەکانی شەقام، هاوپشتیی بێوێنە لە ناڕەزایەتییەکان و ئامادەبوونی چالاکانەی نەوەی گەنج و کەمینەکان، بە ڕوونی ئەو ڕاستییەیان نیشان دەدا کە کۆمەڵگای ئێران چووەتە قۆناغێکی نوێی خەباتی کۆمەڵایەتی- سیاسییەوە.

لەم سێ ساڵەدا دەرکەوت کە پێکهاتەی دەسەڵاتی زاڵ نەک هەر توانای چاکسازی نییە، بەڵکوو هەر جۆرە چاکسازییەک بە هەڕەشە بۆ سەر بوونی خۆی دەزانێت. لە بەرامبەردا کۆمەڵگەی مەدەنی، ژنانی پێشەنگ، خوێندکارانی ناڕازیی، کرێکارانی ڕێکخراو و کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان وردە وردە چەمکەکانی سەروەریی، ماف، ئازادی و دادپەروەریی پێناسە دەکەنەوە.

چیتر داوای گۆڕانکاری لە ئاستی سیستەمی سیاسیدا سنوردار نییە. پرسی بنچینەیی بریتییە لە پێناسەکردنەوەی تەواوەتیی پێکهاتەی دەسەڵات لە ئێراند- پێکهاتەیەک کە نەک هەر تاک ڕەگەز بووە، بەڵکوو تاک نەتەوەیی، تاک کولتووری و تاک گێڕانەوەش بووە. گوتاری زاڵ ئێستا داوای دانپێدانانی شوناسە نەتەوەییەکان و فرەچەشنی زمانەوانی و سەربەخۆیی کولتووری و کۆتاییهێنان بە هەموو جۆرە جیاکارییەکی ڕەگەزیی و ئایینی و نەتەوەیی دەکات.

یەکێک لە پرسیارە مشتومڕاوییەکانی دوای ڕاپەڕینی ژینا، پرسی "ئەڵتەرناتیڤ" بوو. ئەگەر کۆماری ئیسلامی نەما چی جێگای دەگرێتەوە؟ وەڵامەکە لە شەقامەکان و لە دروشمەکاندا و لە داواکارییە ڕوون و ئاشکراکانی خەڵکدایە: سیستەمێکی دیموکراسی و فیدراڵی و فرەنەتەوەیی کە لەسەر بنەمای ئیرادەی ئازادیی گەلان و یەکسانی ژن و پیاو و مافی مرۆڤ دامەزراوە و بێگومان بەبێ دانان بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلان، بەبێ گەرەنتیکردنی مافی کەمینەکان و بەبێ بەشداریکردنی یەکسان و کاریگەرانەی ژنان لە دەسەڵاتدا، هیچ بەدیلێک ناتوانێت بەردەوام و ڕەوا بێت. داهاتوو پێویستی بە پێکهاتەیەکی بەشدارانە و گشتگیر هەیە- نەک بەرهەمهێنانەوەی نەزمی کۆن بە ڕووخسارێکی جیاوازەوە.

لەم ماوەیەدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زۆرجار بە لێدوانی ڕەمزی وەڵامی ڕووداوەکانی ئێرانی داوەتەوە. بەڵام بۆ زۆر کەس ئەم پشتیوانییە بەس نییە. ئەو خەڵکەی بە ژیانی خۆیان باجی ئازادی دەدەن، شایەنی ئەوەن دەنگیان بناسرێتەوە و پشتیوانی کاریگەرتر وەربگرێت؛ نەک تەنها لە شێوەی سزا یان ئیدانەکردن، بەڵکوو لەسەر ئاستی دیپلۆماسی و میدیایی و تەنانەت یاساییش.

ناوی ژینا ئەمینی، وەک ناوی شلێر ڕەسووڵی، نیکا شاکرمی و دەیان ژن و پیاوی دیکە کە لە پێناو ئازادیدا گیانیان لەدەستداوە، ئەمڕۆ لە یادەوەریی بەکۆمەڵی ئێراندا هەڵکەندراوە. ئەم ناوانە هێمان؛ نەک تەنها لە ئازار، بەڵکوو لە هیوا. نەک هەر سەرکوتکردن، بەڵکوو بەرخۆدان.

سێ ساڵ دوای ژینا، خەبات نە مردووە و نە وەستاوە. ئەم ڕێگایە بە هەموو سەختی و تێچووی خۆیەوە ناگەڕێتەوە دواوە. کۆمەڵگایەک تامی ناڕەزایی کردبێت بێدەنگی قبوڵ ناکات. نەتەوەیەک کە دەرکی بە هێزی دەنگی خۆی کردبێت، بێدەنگ نابێت.

ژینا زیندووە، چونکە ڕێگاکەی زیندووە.

وە ئەو ڕێگایە، بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، بەردەوامە —— نەک وەک هاوارێکی تاکەکەسی، بەڵکوو وەک ئاڵای بزووتنەوەیەک.

# شۆڕش بە چ مەبەستێک سەرهەڵدەدات؟





ئارێز محەممەدی

شۆڕش بەدوای وەرچەرخان و گۆڕانکاریی و جێگۆڕکێیە کە زۆر جار بنەڕەتی و ڕادیکاڵ هەڵسووکەوت دەکات و دەخوازێت بە ویستی گەلی چەوساوە و ناڕازی ڕێبگرێتە بەر. هەرچەند ئەو گۆڕانکارییە تایبەتانەی کە لە شۆڕشێکدا بەدوایاندا دەگەڕێین، بەپێی زەمینە و ناڕەزایەتی و ئامانجەکانی بزووتنەوەکان تێیدا دەتوانن جیاوازیش بن. بەڵام ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە، ئامانجی بنەڕەتی شۆڕشێکی ڕادیکاڵ دەستخستنەسەر چەندین بەشی کلیدی و بەیسیکییە بۆ ژێرەوڕووکردن کە ئەمەش هەر هەمان مەبەستە کە «شۆڕشی ژینا» دەستی خستووەتە سەری و دەیبزوێنێت.

*گۆڕانکاری سیاسی: گۆڕانی سیاسی لە سەردەمی شۆڕشدا زۆرجار بریتییە لە ڕووخاندنی ڕژێم و سیستمی هەنووکەیی بۆ دامەزراندنی نەزمێکی سیاسی نوێ. ئەمەش دەتوانێت گۆڕانکاری لە سەرکردایەتی و ئایدۆلۆژیا و یاسا و دامەزراوەکاندا بگرێتەوە. شۆڕش دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕانکاری لە داینامیکی دەسەڵات و دابەشکردنی سەرچاوەکان و مافی هاووڵاتیان و دەرئەنجامەکانیش بە پێی بەستێن و ئامانجە تایبەتەکانی شۆڕش بە شێوەیەکی بەرفراوان جیاواز دەبن.

*گۆڕانکاری ئابووری: نایەکسانی ئابووری و دابەشکردنی نادادپەروەرانەی سەرچاوەکان دەتوانێت هێزێکی بزوێنەری شۆڕش بێت. گۆڕانی ئابووری لە شۆڕشدا گۆڕانکاری لە پێکهاتە ئابووری و سیاسەتەکانی کۆمەڵگایەکدا دەگرێتەوە. شۆڕشەکان دەتوانن ببنە هۆی دابەشکردنەوەی سەروەت و سامان و گۆڕانکاری لە خاوەندارێتی پیشەسازی و سەرچاوەکان و گۆڕانکاری لە سیستەمی ئابووریدا وەک گواستنەوە لە سەرمایەداریەوە بۆ سۆسیالیزم. ئەو گۆڕانکارییە ئابوورییانەی کە لە سەردەمی شۆڕشدا بەدوایدا دەگەڕێین، زۆرجار ڕەنگدانەوەی خواستی چارەسەرکردنی نایەکسانی ئابووری و باشترکردنی ئاستی ژیانی خەڵک و کرێکارانە و دروستکردنی سیستەمێکی ئابووری دادپەروەرترە. هەر بۆیە گۆڕانکاریی ئابووریی سەرکەوتوو دوای شۆڕش پێویستی بە پلاندانان و جێبەجێکردنی ورد هەیە بۆ ئەوەی لێکەوتەی نەخوازراو و ناسەقامگیری دروست نەبێت.

*یەکسانی کۆمەڵایەتی: زۆرجار یەکسانی کۆمەڵایەتی لە زۆرێک لە شۆڕشەکاندا تەوەری سەرەکییە. شۆڕش دەتوانێت لە خواستێکەوە سەرهەڵبدات بۆ چارەسەرکردنی پرسەکانی نایەکسانی و هەڵاواردن و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی. ئامانج لێی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی یەکسانترە کە تاکەکان بەبێ گوێدانە پێشینەی خۆیان ماف و دەرفەت و دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەی یەکسانیان هەبێت. بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە گەیشتن بە یەکسانی کۆمەڵایەتی لە دوای شۆڕشێک دەتوانێت ئاڵۆز بێت، چونکە پێویستی بە داڕشتنەوەی دامەزراوەکان و تەحەدای نۆرمەکانی قووڵچەسپاو و جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانە هەیە کە دادپەروەری و گشتگیری بەرەوپێش دەبەن.

*سەربەخۆیی نەتەوەیی: سەربەخۆیی نەتەوەیی لە شۆڕشدا ئاماژەیە بۆ خەباتی نەتەوەیەک بۆ ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم یان کۆنترۆڵی دەرەکی ، لەوانە نایەکسانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری. مافی دیاری کردنی چارەنووس، بنەڕەتیترین مافە بۆ خۆ داڕشتنەوە و پێناسەکردن لەسەر مافەکانی خۆ. بۆیە ئەم جۆرە لە ماف ڕیشەی مێژوویی هەیەو هاوکات دەچێتە چوارچێوەی پرنسیبێکی مۆدێرن و ئەوڕۆیی لە یاسا و سیاسەتدا.

*گۆڕانکاری کولتووری و ئایدیۆلۆژی: شۆڕش دەتوانێت تەحەدای نۆرم و نەریت و ئایدیۆلۆژییە کولتوورییە باڵادەستەکان بکات کە نایەکسانی بەردەوام دەکەن یان ئازادییەکانی تاک سنووردار دەکەن. گۆڕانی کولتووری و ئایدیۆلۆژی لە شۆڕشدا ئاماژەیە بۆ گۆڕینی بیروباوەڕ و بەها و نۆرم و پراکتیزە کولتوورییە کۆمەڵایەتییەکان. شۆڕش دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕانکاری لە چۆنیەتی هەستکردن بە مرۆڤەکان و ناسنامەکەیان و پەیوەندییەکانیان بە دەسەڵاتەوە. ئەمەش دەتوانێت گۆڕانکاری لە پەروەردە و «میدیا» و «هونەر» و «زمان»دا هەبێت بۆ پێشخستنی ئایدۆلۆژیای نوێ. بەڵام هاوکاتیش گۆڕانی کولتووری و ئایدیۆلۆژی دەتوانێت ئاڵۆز بێت و لەوانەیە ڕووبەڕووی بەرەنگاریی ئەو کەسانە ببێتەوە کە وابەستەن بە شێوازی بیرکردنەوە و ژیانی تەقلیدییەوە.

*پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا: پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان دەتوانن ڕۆڵێکی بەرچاو لە شۆڕشدا بگێڕێت بە چالاککردنی شێوازی نوێی پەیوەندیکردن، ڕێکخستن و کۆکردنەوە. بۆ نموونە سۆشیال میدیا و ئینتەرنێت ئامرازێکی بەهێز بوون بۆ هەماهەنگی ناڕەزایەتییەکان و بڵاوکردنەوەی زانیاری.هاوکاتیش دەتوانرێت بوترێت کە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە شۆڕشدا دەتوانێت هەم دەرئەنجامی ئەرێنی و هەم نەرێنی هەبێت، چونکە دەتوانێت چاودێری و کۆنترۆڵکردن لەلایەن دەسەڵاتدارانیشەوە ئاسان بکات.

چاکسازی دامەزراوەیی: شۆڕش زۆرجار ئامانجی چارەسەرکردنی نادادپەروەری، گەندەڵی، یان نایەکسانی هەستپێکراوەکانە کە ڕەنگە ڕەگ و ڕیشەی قووڵیان لە دامەزراوە هەبووەکاندا هەبێت. چاکسازییەکان دەتوانن لە داڕشتنی دەستووری نوێ و دروستکردنی سیستەمی سیاسی گشتگیرترەوە دەست پێبکات تا جێبەجێکردنی سیاسەتە ئابوورییەکان کە دادپەروەری و شەفافیەت بەرەوپێش دەبەن.

خەمی ژینگە: هەندێک لە بزووتنەوە هاوچەرخەکان سەرنجیان لەسەر پرسە ئیکۆلۆژی و ژینگەییەکانە و هەوڵدەدەن چارەسەری گۆڕانی کەشوهەوا و پاراستن و پراکتیزە بەردەوامەکان بکەن. زۆرجار پرسە ژینگەییەکان بە شێوەی جۆراوجۆر لەگەڵ شۆڕشدا یەکدەگرنەوە. لە کاتێکدا کە ڕەنگە سەرنجی سەرەکی شۆڕشێک گۆڕانکاری سیاسی یان کۆمەڵایەتی بێت، بەڵام نیگەرانییەکانی ژینگە دەتوانن کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر بزووتنەوەکە و دەرئەنجامەکانی هەبێت.دەتوانرێت پرسە ژینگەییەکان لە نزیکەوە ببەسترێتەوە بە دادپەروەری کۆمەڵایەتییەوە، چونکە کۆمەڵگە پەراوێزخراوەکان ڕەنگە بە شێوەیەکی ناڕێژەیی قورسایی تێکچوونی ژینگە لە ئەستۆ بگرن. شۆڕش هەندێک جار ئامانجی ڕاستکردنەوەی ئەم جیاوازییانەیە بە هێنانە بەرباسی یەکسانی ژینگەیی لە کارنامەکانیاندا. هەر بۆیە لام وایە هێنانە ناوەوەی ڕەچاوکردنی ژینگەیی لە ئەجێندا شۆڕشگێڕییەکاندا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە دروستکردنی کۆمەڵگەی گشتگیرتر و خۆڕاگرتر لە دوای هەڵچوونەکان.

«شۆڕشی ژینا» شۆڕشێکی بە ئەزموونە کە پاش ساڵانێک بێئۆقرەیی و پاش ٣ ساڵ سەرهەڵدان، گۆڕان لەهەموو خواستە بنەڕەتییەکانی سەرەوە دا دەخوازێت و سەرکەوتنی کردووەتە ئامانج. شۆڕشی ژینا شۆڕشی ژین و ژیانەوەیە.

# کوردستان: مەکۆی لە دایکبوونی گوتاری «ژن، ژیان، ئازادی»

## سێ ساڵ دوای ژینا، مانیفێستی شۆڕشێکی تەواونەکراو



د. ئاژوان–کرماشان

سێ ساڵ بەسەر گیانبەختکردنی ژینا ئەمینی تێپەڕیوە، ڕووداوێک کە برینە کۆنەکانی ستەمکاری ڕەگەزیی ئاشکرا کرد و ڕاپەڕینێکی لێکەوتەوە کە نەک تەنها حیجابی ناچاری بەڵکو تەحەدای تەواوی نەزمی پیاوسالاری و سەرمایەداری و پاوانخوازی کرد. ڕاپەڕینی "ژن، ژیان، ئازادی" بوو بە خاڵی وەرچەرخان لە یادەوەری بەکۆمەڵدا؛ خاڵێک کە دەریخست کە خەبات بۆ ڕزگاری ژنان لە خەبات بۆ ڕزگاری چینایەتی و کۆمەڵایەتی جیا ناکرێتەوە. بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" کە بە مەرگی ژینا (مەهسا) ئەمینی هەڵگیرسا، لە ڕووکەشدا وەک ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری لە دژی کۆماری ئیسلامی لە ئێران ناسێندرا. بەڵام تێڕوانینێکی قووڵتر دەردەکەوێت کە ئەم بزووتنەوەیە لە بۆشاییدا دروست نەبووە ، بەڵکو لە چوارچێوەیەکی فیکری و کۆمەڵایەتی و مێژوویدا دروستبووە کە ڕیشەکانی لە کوردستانی ئێران هەبووە . کوردستان تەنیا گۆڕەپانی یەکەمین ناڕەزایەتییەکان نەبوو، بەڵکو ناوەندی فیکری و گوتار سازکەری ئەم شۆڕشە تەواونەکراوە بوو. ئەو دروشمە کە ئەمڕۆ بۆتە گوتارێکی نەتەوەیی و جیهانیی ڕزگاری، لە خەباتی دەیان ساڵەی ژنان و هێزە چەپەکان لە کوردستان سەری هەڵداوە.

### ڕزگاری ژنان، ڕزگاری چینایەتی

دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لە خواستێکی ناوچەیی تێدەپەڕێت؛ جەوهەری خەباتێکە دژی فەرمانێک کە کۆنترۆڵکردنی جەستەی ژنانی کردووە بە ئامرازێک بۆ ژێردەستەیی کۆمەڵایەتی. بەم مانایە ڕزگاری ژنان بەشێک نییە لە ڕزگاری، بەڵکو مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ ڕزگاری هەموو کۆمەڵگا و چینی ژێردەست. یەکگرتوویی چینی ژێردەستە و هۆشیاری نوێی بزووتنەوەی ژینا توانی بۆ یەکەمجار لە چەند دەیەی ڕابردوودا گرووپە کۆمەڵایەتییە هەمەچەشنەکان — ژنان، گەنجان، کرێکاران، مامۆستایان و نەتەوە چەوساوەکان — لەسەر شەقامەکان کۆبکاتەوە. ئەم هاوپشتییە خۆبەخۆیە پەیوەندی نێوان ستەمی ڕەگەزی و نەتەوەیی و چینایەتی نیشان دا. هەرچەندە نەبوونی ڕێکخستنی بەردەوامی ئەنجومەن ڕێگری لە چەسپاندنی ئەم یەکێتییە کرد، بەڵام تۆوی هۆشیارییەکی چینایەتی نوێ لە یادەوەری بەکۆمەڵدا چێندرا؛ هۆشیارییەک کە بەبێ دادپەروەری کۆمەڵایەتی ئازادی تاک هیچ مانایەکی نییە. کوردستان. شیکارییەک کە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بە «بڕبڕەیی» ناسراوە. ئەم تێگەیشتنە ڕەگ و ڕیشەی لە ئەزمونی ژیاوی خەڵکی کوردستانەوە داکوتاوە، کە لە یەک کاتدا ڕووبەڕووی سێ چین ستەم بوونەتەوە:

- چەوساندنەوەی نەتەوەیی لەلایەن حکومەتی ناوەند و نکۆڵیکردن لە ناسنامەی کوردایەتی؛
- ستەمکاری چینایەتی وەک یەکێک لە ناوچە بێبەش و پەراوێزخراوەکانی وڵات؛
- چەوساندنەوەی جێندەری کە ژنانی کورد لە دوو ئاستی نەریتی پیاوسالاری ناوخۆیی و پێکهاتەی دەوڵەتی پاوانخوازدا ئەزموونی دەکەن. ئەم پێکەوەژیانەی ستەمەکان کوردستانی کردە "تاقیگەیەکی سروشتی" بۆ پەرەپێدانی تیۆرێکی ڕزگاریخواز کە ئازادی بە دابەشنەکراو دەزانێت. هەر بۆیە کاتێک دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» لە شەقامەکانی سنە لە سەرانسەری ئێران و جیهاندا دەنگی دایەوە، هەڵگری ئەزموونێکی مێژوویی بوو کە ساڵانێک بوو لە کوردستان دا قاڵب و پۆلێشکرابوو.

سیاسەتی ئاسۆیی و ئەگەری سۆسیالیزمی دێموکراتیک

تایبەتمەندییەکی بەرچاوی ڕاپەڕینی ژینا نەبوونی سەرکردایەتییەکی ناوەندی و پشتبەستنی بە ڕێکخستنی ئاسۆیی بوو. ئەم ڕێبازە ناسکە بەڵام ئومێدبەخشە دیدگایەکی بۆ داهاتوو کردەوە: دیموکراسییەکی شوورایی و بەشداریکردن و خۆبەڕێوەبەرلە بەرامبەر دەوڵەتێکی ناوەندی و تاکڕەودا. ئەزمونی «سیاسەتی شەقام» لەم ڕاپەڕینەدا وەبیرهێنانەوەیەکە کە ئەڵتەرناتیڤێکی ڕاستەقینە تەنها لە خوارەوە، لە ئەنجومەن و تۆڕەکانی خەڵکەوە سەرهەڵدەدات.

### کۆمەڵە: پێشەنگ لە یەکخستنی سۆسیالیزم و فێمینیزم و ڕزگاری نەتەوەیی

لێرەدا ڕۆڵی حیزبە چەپ و پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان و بە تایبەت کۆمەڵە دیارە. کۆمەڵە هەر لە سەرەتای بوونی خۆیەوە هەوڵیدا خەباتی دژە دەسەڵاتخوازی و دژە ئیمپریالیستی لە چوارچێوەی داواکاری خودموختاری کوردستاندا بە خەباتی چینایەتی و فێمینیستەوە ببەستێتەوە. بۆ یەکەمین جار لە مێژووی خەباتەکانی ئێراندا پرسی ڕزگاری ژن لە گوتاری کۆمەڵەدا وەک بەردی بناغەی ڕزگاری کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی وروژێنرا نەک وەک داواکارییەکی لاوەکی. سێبەری "ژن، ژیان، ئازادی" بە وردی ڕەنگدانەوەی ئەم یەکگرتنەیە:

- "ژنان" وەک ناوەندی خەبات دژی هەژموونی پیاوسالاری،
- "ژیان" وەک ژیانێکی شایستەی مرۆڤ لە دژی بێبەشبوون و ئیستغلالکردن،
- و "ئازادی" وەک ئاسۆی ڕزگاری نەتەوەیی و چینایەتی. ئەم سێبەرە پێش ئەوەی ببێتە دروشمی شەقام، لە ئەدەبیاتی سیاسی و بانگەشەی کۆمەڵە و هێزە چەپەکانی کوردستاندا پەرەی سەندبوو

### لە خەباتی چەکدارییەوە بۆ سیاسەتی سەرشەقام

ئەزموونی مێژوویی کوردستان دەریدەخات کە ستراتیژی خەبات هەمیشە لە پەرەسەندندایە. لە قۆناغەکانی خەباتی چەکدارییەوە تا دەیان ساڵی ڕابردوو، کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان ڕێڕەوی خۆی بەرەو تۆڕە ئاسۆییەکان و شوراکان و فۆرمەکانی ڕێکخستنی لامەرکەزی پێشخستووە. ئەم ئەزموونە پراکتیکییە لە خۆڕێکخستندا ڕێگەی خۆشکرد بۆ بەشداریکردن و سەرکردایەتی چالاکانەی کوردستان لە ڕاپەڕینی ژینا، ئاسۆی "دیموکراسی شورایی" کە دەقە شیکارییەکانی بزووتنەوەکە ئاماژەی پێدەکەن، لە ڕاستیدا درێژەپێدەری هەمان ئەو خواستە مێژووییە بۆ ئۆتۆنۆمی و حوکمڕانی شورا کە لە کوردستاندا پەروەردە کراوە.

### دەستکەوتەکان و سنووردارکردنەکان

- دەستکەوتەکان: کوردستان توانی بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" هەژموونێکی نوێی کولتووری دروست بکات؛ دروشمێک کە لە پەراوێزەوە بۆ ناوەند ڕێگەی خۆی کرد و بوو بە گوتارێکی جیهانی. هە روە ها ئە زموونی هاوپشتی لە نێوان بزووتنە وە کانی جێندەری و چین و نە تە وە یی، میراتێکی هە میشە یی ئە م ڕاپە ڕینە یە .
- سنووردارکردن: سەرکوتی خوێناوی و نەبوونی ڕێکخستنی چەپگەرایی سەرتاسەری ڕێگر بوو لەوەی ئەم ڕاپەڕینە ببێتە بەدیلێکی پێکهاتەیی. ئەم ئەزموونە نیشانی دا کە بوونی "ناوکی فیکری" و ڕێکخراوە پێشەنگەکان بە ئایدۆلۆژیایەکی ڕوون، وەک کۆمەڵە ڕۆڵێکی گرینگ لە بەردەوامی و بەدامەزراوەییکردنی ئەو جۆرە بزووتنەوەیانەدا دەگێڕن.

دەرەنجام: ڕزگاربوونی تاران لە ڕێگای کوردستانەوە

ڕاپەڕینی ژینا نیشانی دا کە کوردستان چیتر تەنیا "پرسێکی نەتەوەیی" یان "پەراوێزێکی سیاسی" نییە، بەڵکو بۆتە ناوەندێکی بیرکردنەوە و بەرهەمهێنانی ئەڵتەرناتیڤی سیاسی بۆ هەموو ئێران. ئەو گوتارەی لە کوردستانەوە سەریهەڵدا توانی فێمینیزم و سۆسیالیزم و داواکاری دیموکراسی بۆ ئۆتۆنۆمی کۆبکاتەوە بۆ یەک تیۆری ڕزگارکەر. یادی ژینا و میراتی ئەم ڕاپەڕینە بانگەوازمان دەکات بۆ پەیمانێکی نوێ: ئایندەیەکی ئازاد و دادپەروەر بۆ ئێران تەنیا کاتێک مومکین دەبێت کە ناوەندگەرایی کوردستان وەک پێشەنگێکی فیکری و کردەیی بناسرێت. ڕزگاری لە تاران بە ڕێگای ڕزگاری لە کوردستانەوە تێدەپەڕێت


ژن، ژیان، ئازادی؛ سۆسیالیزم یان هیچ!

دواڕۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت
www.komala.com
@Dwaroj-komala
@AsoSat
@Dwaroj

Dwaroj

WWW.DWAROJ.NET
سەرنوسەر:
عەزیز ئاجیکەند
هەڵەچن:
سۆران محەمەدی
دیزاین:
سروە مستەفازادە


# ئاگری شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، لە کوردســـــتان هەرگیز ناکــوژێـــتەوە




دواڕۆژ

شۆڕشی مەزنی ژن، ژیان، ئازادی کە بەکوشتنی بە ئەنقەستی ژینا ئەمینی لەدایک بوو، وەرچەرخانێکی گەورەی لە سەنگەری خەباتی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز لە دژی دوژمنی سوێند خواردوی خۆیان پێک هێنا. شۆڕشی ژینا تاپۆشکێن بوو. هەژمۆنی ترسی شکاند و دەرفەتی گونجاو و نوێی رەخساند لەبەردەم سەرجەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا. شۆڕشی ژینا هێندە بەهێز و کاریگەر بوو کە لە دەرفەتێکی کەمدا توانی بزووتنەوەی ژنان و خەباتی بێ پسانەوەیان لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لەدژی هەڵاواردن ونایەکسانیدا جۆش بدات.ئەم شۆڕشە بە دروشمەکان، هێماکان و مشتە گرێدراوەکانی ژنان لەسەر شەقام نیشانی دا کە ژنان یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی و کۆمەڵایەتین. ئەم شۆڕشە، پاشەکشەی بە بیری قێزەونی کەسانێک کرد کە لە هەوڵی بەلارێدابردنی چەمکی شۆڕشی ژناندا بوون. ئەم شۆڕشە بیری بەرزی ڕزگاری لە ژێر کۆت و بەندی پیاو مەزنی بەهێز کرد و بۆ جارێکی تر باسی شۆڕشی ژنانی خستەوە سەر زارەکان. ئەم شۆڕشە سیاسی و کۆمەڵایەتییە پێویستیی ڕێکخستن و پێکهێنانی ڕێبەریی لەناو هەموو بزووتنەوە ڕادیکاڵە کۆمەڵایەتییەکاندا بەهێز کرد. ئەم شۆڕشە زیاتر لە هەموو کاتێک دەنگی دلێری ژنانی کوردستانی بە گوێی هەموو جیهاندا چرپاندەوە. ئەم شۆڕشە جارێکی تر پرسی ژنی کوردو توانایەکانی وروژاندەوە. ئەم شۆڕشە نیشانیدا کە ژنان دەتوانن پێشەنگ بن و هێزی گرنگ و بەهێزی کۆمەڵگان کە دەتوانن کۆتایی بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی بێنن .شۆڕشی ژینا هەورەبرووسکەی ئاسمانی بێ

> ئەم شۆڕشە سیاسی و کۆمەڵایەتییە پێویستیی ڕێکخستن و پێکهێنانی ڕێبەریی لەناو هەموو بزووتنەوە ڕادیکاڵە کۆمەڵایەتییەکاندا بەهێز کرد

هەور نەبوو. بەڵکوو تووڕەیی و نەفرەت و بێزاریی پەنگخواردووی جەماوەرێک بوو کە چاوەڕوانی هەلێک بوون تا تووڕەیی و نەفرەتی خۆیان سیاسیتر و ڕادیکاڵتر لە ڕابردوو لە دژی دوژمنی خۆیان نیشان بدەن. شۆڕشی ژینا لە کوردستانەوە داگیرسا و تەشەنەی سەند بۆ هەموو ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی، ئەم شۆڕشە درێژە و بەرهەمی ئەو خەبات و خۆڕاگرییە درێژخایەنە بوو کە خەڵکی کوردستان بە مەیل و ڕوانینی جیاوازەوە بەرانبەر بە داگیرکاری و دواکەوتووی و بێعەداڵەتی بە گیان و ماڵیان تێدا بەشداربوون و کوانووی ئەو خەباتەیان گەرم ڕاگرت و نەیانهێشت بیری ڕەشی کۆماری ئیسلامیی لە کوردستان زاڵ بێ. خەباتی خەڵک کە لە شێواز و فۆرمی جۆراوجۆردا بەردەوامبوو، بوو بە هەوێنی ئاخێزێکی مێژوویی کە هەموو بنەما فیکری و سیاسی و کولتوورییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی کردە ئامانج و زەبری گەورەی لێدا. خەڵکی کوردستان هەر چەن لەم شۆڕشەشدا بە ئازاری زنجیر و تەناف و بەند و گوللەی حکوومەتی داگیرکەر تەزین بەڵام وەکوو هەموو ساڵانی ڕابردوو سەربزێو و سەربەرز بوون و نەبەزین.

بەرهەمی زیاتر لە چوار دەیە خۆڕاگری و خۆبەختکردنی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شۆڕشی ژینادا خۆی نواند. شۆڕشێک کە لە کوردستان ئاستی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی و مافخوازی و عەداڵەتخوازی و یەکسانیخوازیی بەرزتر کردووەتەوە و لە سەر جیلی نوێ کاریگەریی حاشالێنەکراوی دانا.

شۆڕشی ژینا نیشانی دا کە کوردستان پاش تەحەمولی ٤٦ ساڵ ڕەنج و ئازار و بێبەشی و چەوسانەوە، لەئێستادا تینووی شۆڕشێکی دیکەیە. شۆڕشێک کە ئەمجارەیان کۆنتڕۆڵ نەکراو بێت. پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان و ئاگری تووڕەییەکی پەنگخواردوو کە هەر دەم گۆشەیەکی بڵێسە دەستێنێت، نیشانەی ئاڵوگۆڕێکی مێژووییە کە بەڕێوەیە. ئاڵوگۆڕێک کە دەتوانێ گرێی کوێری ئێستای هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکاتەوە. شۆڕشێک کە مزگێنیدەری ڕزگاریی ئەم کۆمەڵگایانە بێت لە چەوسانەوە و ستەم و نایەکسانی. شۆڕشی ژینالە کوردستان ئاگرێکی داگیرساند کە هەتا نەهێشتنی ئاسەواری دەسەڵاتی نەحسی کۆماری ئیسلامیی و لە گۆر نانی ناکوژێتەوە.

لە ساڵوەگەڕی شۆڕشی ژینادا، یادی هەموو گیان بەختکردووانێک کە بوێرانە لە بەرامبەر هێزی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامیدا سینگیان کردە قەڵغان و بە گیانفیدایی خۆیان ڕژیمی کۆماری ئیسلامیان وەلەرزە خست، بەرز ڕادەگرین. سڵاو و درووود دەنێرین بۆ ئەو مرۆڤە ئازادیخواز و سەربەستانەی کە لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەبات دژبە ڕژیمی دژەمرۆیی کۆماری ئیسلامیی گیانیان بەختکرد.

دواستون

## هزری ژن، هێزی گۆڕانە!

دواڕۆژ

ئەگەر بمانەوێ لە کوردستان قۆناغێکی نوێ لە مێژووی هاوچەرخ بۆ پێناسەی خەباتی ژنان بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانیان دەستنیسان کەین، ئەوە شۆڕشی ژینا بە دروشمی ژن ژیان ئازادی لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی، دەتوانێ دەسپێکی ئەم قۆناغە بێ بۆ خەبات و ئازادی و یەکسانی کە زۆر زوو بوو بە هێمای مافخوازیی نەتەنیا ژنان بەڵکوو گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگا.

شۆڕشی ژینا بە پێشانگەیەتی لاوانی نەوەی نوێ لە کوردستان سەریهەڵدا و بەخێرایی هەموو سنوورەکانی تێپەڕاند و وەک پێویستییەکی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانیش دەرکەوت. ئەگەرچی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان خاوەن مێژوویەکی دووروودرێژن، بەڵام ژن ژیان ئازادی توانی ڕەنگ و بۆنێکی تازە ببەخشێ بە بزووتنەوەی سەرتاسەری لە ئێران و ڕزگاری بکات لە دیسکۆرسی ئایینی و پیاوسالاری و بەتایبەت ئیسلامحخوازی دەوڵەتی.

پرسی یەکسانی لە کوردستان و بایەخدان بە بەشداری ژنان لە هەموو جومگەکانی کۆمەڵگا و لەوانە سیاسەت، بەشێکی سەرەکی لە ڕوانین و مێژووی خەباتی کۆمەڵە و ژنان و پیاوانی تێکۆشەری چەپ و سۆسیالیست بووە و دەورێکی گرنگی لە گەشەی پۆتانسیل و توانای ژنان بەتایبەت لە پاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی گێڕا. شۆڕشی ژینا پەیوەستە بەو بەستێن و خەباتەی کە زیاتر لە چوار دەیەیە لە کوردستان دژی دەسەڵاتی دژە ژن و دواکەوتووی کۆماری ئیسلامیی بەردەوامە و درێژەی تێکۆشانی یەکسانیخوازانی کوردستانە بۆ ڕزگاری لە پیاوسالاری.

خەبات و بەرەنگار بوونەوە دژی سیاسەتە دژە ژنەکانی کۆماری ئیسلامیی لە کوردستان هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیەوە دەستی پێکرد و تائەمرۆش درێژەی هەیەو ناشی هەوێ لە وەستان کەوێ و تا گەیشتن بە ویست و خواستەکانی بەردەوام دەبێ.

شۆڕشی ژن ژیان ئازادی لە کوردستان ئەو ڕاستییەی سەلماند کە ژنانی کورد لە کوردستان دەتوانن پێشەنگ بن و ڕۆڵی ڕێبەر بگێڕن و شان بە شانی پیاوان لە سەنگەردابن بۆ نەمانی بیری قێزەونی پیاوسالاری و لە گۆڕنانی دیکتاتۆڕەت و نەمانی داگیرکاریی لە کوردستان.

بە دڵنیایەوە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بە بێ بەشداریی بەرینی ژنانی تێکۆشەر و خەباتکار لە شێواز و ئاستی جۆراوجۆردا نەیدەتوانی لەم ئاستەی ئەمڕۆدا بەردەوام بێ و ئەو دەسکەوتانەی ئەمڕۆی بەدەست بێنێ. بزووتنەوەی کوردستان بە بێ ئیرادە و خۆڕاگری ئەو دایکانەی کە وێڕای لە دەستدانی ڕۆڵەکانیان بە وەرەی بەرزەوە ڕاوەستاون و بوونەتە هیوابەخشی شۆڕش، خاوەنی ئەم سەربەرزی و شکۆی ئەمڕۆی نەدەبوو. کەم نەبوون و نین ژنانێک لە زیندانەکان خۆڕاگرانە ڕاوەستان و گیانیان بەختکرد، ئەو پێشمەرگە ژنانەی کە ئازایانە وەستانەوە و سەرەڕای هەموو ئاستەنگی و ڕێگرەکان لە خەبات بەردەوام بوون. هەموو ئەو ژنانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامیی کۆڵیان نەداوە و پەرەیان بە توانا و هزری خۆیان داو بە تایبەت لە شۆڕشی ژینا حەماسەی گەورەیان خولقاندووە، خۆڕاگری دایکانی بەندکراوی سیاسی، دایکانی گیانبەختکردووان و هەوڵی بێ وچانیان لە زیندوو ڕاگرتنی وەرەی خەباتکارانە و تێکۆشانیان، خاڵی بەهێز و جێگەی شانازیی شۆڕشی کوردستانن.

کوردستان بۆ ئەوەی بگاتە ئازادی و سەربەستی و یەکسانی پێویستی بە هێزی مەزنی هەموو توێژەکانیەتی و ژنان دەورێکی یەکلاکەرەوەیان لە خەباتی ئەمڕۆ و داهاتووی کوردستان دەبێ و بەشداریی ژنان لە ڕێبەرایەتیی شۆڕشدا لە پێویستییە سەرەکییەکانی داهاتوویەکی گەش بۆ بزووتنەوەی کوردستان و کوردستانی پاش ڕزگاری لە دەستی داگیرکەرانە.

ئێمە وێڕای ڕێز گرتن لە مێژووی پرشنگداری ژنان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا، بە ئەرکی خۆمان دەزانین وەک هەمیشە بەشدار و ئاڵاهەڵگر و پاڵپشتی خەباتی ژنان بۆ یەکسانی بین و توانا و هێزی ئەوان لە هەموو ئاستەکانی کاری حیزبی بۆ سەرخستنی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان زیاتر لە بەرچاو بگیرین و دەرفەتی ئەوەیان بۆ بڕەخسێنین بە مافی خۆیان لەو بوارەشدا بگەن.

سەرکەوێ خەباتی ژنان بۆ گەیشتن بە مافەرەواکانیان.